پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا



نووسینی:
ڕێکار ئەحمەد

.....

پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا

نووسینی: ڕێکار ئەحمەد

سوید بەهاری ٢٠٢١



ناوی بەرهەم: پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا

بابەت : لێکۆڵینەوە

نووسینی : ڕێکار ئەحمەد

نرخ : ٣٠٠٠ دینار

تیراژ : ٥٠٠ دانە

چاپخانەی : کارۆ - سلێمانی

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەکانی وڵاتی سوید

ISBN 978-91-985436-7-4

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە (١٤١٤)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

پێشکێشە بە:

- **یاد و بیرەوەری مامۆستا و ڕێبەرانی ژیانم، دایک و باوکم.**
- **یاد و بیرەوەری براکانم ' موحسین، موسلیح، تەحسین، ناجیح'.**
- **یاد و بیرەوەری 'ڕۆزا'ی جگەرگۆشە و تاقە کچم.**
- **بە کوڕەکانم ' فلادیمێر، گیڤارا، کاسترۆ، شەنگەمێر، بەرزەمێر، سیمۆن '.**

سپاس:

- **بۆ 'ئامین دلخون'ی هاوسەرم کە پشتوودڕێژانە بەرگەی سەختی و ناخۆشیەکانی ئاوارەیی گرت و بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە دڵگەرمی کردم.**
- **بۆ کاک ' ئاسۆ بیارەیی 'ی زێدە هێژا کە لە ساغکردنەوەی وشە هۆرامیەکاندا هاوکاری کردم.**
- **بۆ کاک 'دکتۆر ناجح گوڵپی' کە بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆی بە پی دی ئێف بۆ ڕەوانە کردم.**

پێڕست

بەرایی .....لاپەڕە ٧
پەهلەوی چییە؟ ..... لاپەڕە ١١
جێگۆڕکێی پیت لەنێوان وشەی کوردی و پەهلەویدا ..... لاپەڕە ٢٢
کەوتن و قرتاندنی پیت ..... لاپەڕە ٢٦
پاشگر و پێشگر لە زمانی پەهلەویدا ..... لاپەڕە ٢٨
جێناو لە زمانی پەهلەویدا ..... لاپەڕە ٣٧
نیشانەی کۆ لە زمانی پەهلەویدا ..... لاپەڕە ٤٣
دروستکردنی پەسن و وەسپ ..... لاپەڕە ٤٥
پردێک بۆ بەستنەوەی ڕابردوو ..... لاپەڕە ٤٦
پیتەکانی ئابێی ئاڤێستایی و پەهلەوی .....لاپەڕە ٤٨
خوێندنەوەی ئاسان و بێگری ..... لاپەڕە ٥٣
جیاوازی لە خوێندنەوەی وشەکانیی پەهلەویدا ..... لاپەڕە ٥٤
خوێندنەوەی وشەی جۆرار ..... لاپەڕە ٥٧
بەراوردی کوتە دەقی دێرین ..... لاپەڕە ٦٢
زمانی کوردی زەردەشتیانی کرمان و یەز ..... لاپەڕە ٦٦
هاوتاکردنی هەندێ وشەی پەهلەوی و کوردی ..... لاپەڕە ٦٩
ژمارەکان ..... لاپەڕە ١٣٢
ڕۆژەکانی هەفتە ..... لاپەڕە ١٣٤

.....

بەرایی

زمانی کوردی دریژکراوەی زمانی پەهلەوی(ساسانی)یە، بەڵام لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە ساڵی ٦٥١ی زایینییەوە تا ئێستا، بەهۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد هەمیشە لەژێر گوشاردا بووە و بازنەی ئاخاوتن و نووسینی زمانەکەی لێبەرتەسک کراوەتەوە، تەنانەت لە هەندێک سەردەمدا ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغەکراوە، نکۆڵی لەهەبوونی کراوە و هەوڵی سڕینەوەو توانەوەی دراوە، ئیدی گۆڕانکاری بەسەر هەندێ وشەدا هاتووە، هۆکارەکەیشی بۆ داگیرکاری و بێدەوڵەتی و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەی سەردەست دەگەڕێتەوە. هەر بەهۆی داگیرکارییشەوە، زاراوە و بنزاراوەکان لەیەکتری دوور کەوتوونەتەوە. ئەگەرچی لە زەمانی ساسانیشدا زاراوەو بنزاراوە هەبوونە، بەڵام هیچ کات بە ئەندازەی ئێستا پەرتەوازە نەبوون و لەیەکتری هاوێر نەکرابوون. لەلایەکی دیکەوە بەهۆکاری دینی و کەمهۆشیاری یان بەهۆکاری ڕەوشی جڤاکی کوردەواری بووبێ، بەدەگمەن هەوڵی گەشەپێدان و بەرەوپێشەوەبردنی زمان دراوە، زیاتر بایەخ بە ئایین دراوە و شانازمی بۆ پاشا و دەستەڵاتداران کراوە، کەچی بیر لەداهاتووی زمان و چارەنووسی نەتەوە نەکراوەتەوە؛ دەکرێ بگوترێ کە زمان بە فەرامۆشی سپێردراوە. سەرچاوە میژووییەکان جەخت دەکەنەوە کە هەزاران تاکی کورد خۆیان بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی زمانی عەرەبی و تورکی تەرخان کردووە و بەو زمانانە

بەرهەمەکانیان نووسیووە، هەندێکیان پێشەنگایەتی کاروانی تواندنەوەی زمان و نەتەوەی خۆیان کردووە[1]، هەروەها دەیان هۆز و عەشیرەت لەبەر سۆز و مەیلداریان بۆ خەلیفەکانی عوسمانلی هەوڵی فێربوونی زمانی تورکیان داوە و هێدی هێدی زمانی خۆیان فەرامۆش کردووە و ناسنامەی تورکبوونیان وەرگرتووە. وێرای هەموو ئەو ستەم و زۆرداری و گوشارە بەردەوامانەشەوە، هێشتا هەزاران وشەی دێرین کتومت یان بە فرێدانی پیتێک و جێگۆڕکێکردن بە پیتێک، وەکو خۆیان ماونەتەوە.

ڕاستییەکەی ڕۆشنبیرانی کورد وەکو پێویست هەوڵیان نەداوە کە خاوەندارێتی لە زمان و میژووی نەتەوەی خۆیان بکەن و پێداگریان لەسەر نەکردووە، هەربۆیەش دەبینین کە نەتەوە داگیرکار و سەردەستەکان بێباکانە شوێنەوارە میژوویەکانیان شێواندوە و هەوڵی سڕینەوەیان داوە؛ دەستیان بەسەر بەیت، گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی داگرتووە؛ وشەگەلێکی زۆریان لە زمانی کوردی ڕفاندووە، بۆئەوەی نەناسرێنەوە، بەدەستاڕی خۆیان هاڕپویانن، تێکیانشکاندوون

[1] - **زیا گۆک ئەلپ**، لەساڵی ١٨٧٦ز لە ئامەد چاوی بۆ ژیان کردەوە و ساڵی ١٩٢٤ لە ئیستانبوڵ مرد، دایک و باوکی کوردبوون، بەڵام بانگەشەی تورکبوونی دەکرد، وەک داڕێژەر و ڕێبەری تورکچێتی پێداگری لەسەر یەک نەتەوەیی لە تورکیا دەکرد، هەرچەندە دژەکانی بە کوردبوون تۆمەتباریان دەکرد، بەڵام ئەو خزمەتێکی گەورەی بە زمان و نەتەوەی تورک کرد، سەرەنجام کەمال ئەتاتورک ئەندێشە و بیرۆکەی ئەوی پەسند کرد و سیاسەتی یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک ئاڵای پێڕۆکرد.

و بە بۆیاغی خۆیان ڕەنگیان کردوون. ئەوەتا نەتەوەیەکی وەک تورک کە لە دوور و نزیکەوە پێوەندی بە سۆمێریەکانەوە نییە، کەچی ساڵانە میهرەجانی بۆ ساز دەکات و خەڵک ڕادەسپێرێ کە بوختان بکەن و هاوبەشی ساختە لەنێوان وشەگەلی ئێستای تورکی و سۆمێری پێشانی خەڵک بدەن؛ ئەمە لەکاتێکدایە کە زمانی ئێستای تورکی تێکەڵاوەیەکە لە زمانی کوردی، عەرەبی، سریانی، ئەرمەنی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. شاڵاوی هاتنی تورکنەژادەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هاتنەسەرکاری عەباسیەکان دەستی پێکردووە، کەچی سۆمێرییەکان چەندین هەزار ساڵ پێش ڕووخانی ساسانییەکان لەم خاکەدا ژیاون و گەورەترین مێژووی بەردنووسی تۆمارکراویان جێهێشتووە.

جێی ئاماژەیە کە هەتا زەدەشتی دینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو، هەتا ئاڤێستا وەک پەرتووکی پیرۆز وێنا دەکرا، زمانێکی هاوبەش لەنێوان دانیشتوانی هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا هەبوو؛ واتە دینی زەردەشتی و پەرتووکی ئاڤێستا، بۆ پاراستنی یەکزمانی، دوو کۆڵەگەی قایم و بەهێزبوون.

لە زۆر شوێن و بۆنەدا جەختم کردۆتەوە کە زمانی پەهلەوی ساسانی دوا دایکی هاوبەشی زمانی کوردی و فارسییە، بەڵام ڕەوش و شێوازی گەشەکردنیان جیاواز بووە، هەرچەندە کە هیچ کاتێک دەستەواژەی زمانی پارسیک بە واتای زمانی پەهلەوی لێکنەدراوەتەوە، بەڵکو فارسەکان لە گیرفانی خۆیانەوە ئەو لێکدانەوەیان بۆ کردووە، ویستوویانە پێشینەی

.....

زمانی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) بۆ خۆیان تاپۆ بکەن. لەو پێوەندەدا لە دەستپێکی ئەم نووسراوەیەدا بەدواداچوون بۆ زمانی پەهلەوی دەکەم و دەخوازم ڕاستییکی مێژوویی بخەمە بەرچاوان. وێڕای ئەوەی کە بەدانپێنانی مێژوونووسە ناوداڕەکانی جیهانی، پارسەکان لەنێو مادەکاندا تواونەتەوە، زمان و ڕێنووس و شارستانیان لە مادەکانەوە وەرگرتووە، هەرچەندە کە زمانی فارسی، لەهەرێمی پارسدا تاڕادەیەک تایبەتمەندی پاڕێزراو بووە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ زمانی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانی و ساسانیدا هەبووە، بەوهۆیە ناکرێ زمانەکانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی بە فارسی ناودێر بکرێن.

پەهلەوی چییە؟

هەمیشە ڕۆشنبیرانی فارس و زمانزانەکانیان، زمانی خۆیان بە پاشماوەی زمانی پەهلەوی وێنا دەکەن، دەیانەوێ لەو ڕێیەوە سەروەری بۆ زمانەکەیان تۆمار بکەن، هەربۆیە زمانی پەهلەوی بە فارسی میانە ناودەبەن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی هەر زمانی فارسی بوونە!! بەڵام گەواهی هەندێک میژوونووس بەرسنگیان پێدەگرێ و جیاوازی نێوان زمانی فارسی و پەهلەوی ئاشکرا دەکەن. حەمزە بن حەسەن ئەسفەهانی کە لە نێوان سالانی(٢٨٠ تا ٣٦٠)ی کۆچی ژیاوە، لە (التنبیه علی حروف التصحیف)[2] پەردەی لەسەر ئەو ڕاستیە هەڵماڵیوەو نووسیویەتی کە:

وكانت كتابات غير ذلك درست أسماؤها ولم تبق ؛ فكانوا يستعملون في الكتابة هذه الأنواع السبعة كما كانوا في المنطق يستعملون خمس لغات وهي : الفهلوية ، والدرية ، والفارسية ، والخوزية ، والسريانية .

فأما الفهلوية ، فكان يجري بها كلام الملوك في مجالسهم وهي لغة منسوبة إلى فهلة ، وفهلة اسم يقع إلى خمسة بلدان وهي : اصبهان والري وهمذان وماه نهاوند ، وآذربيجان .

وأما الفارسية فكان يجري بها كلام الموابذة (٥) ومن كان مناسباً لهم وهي لغة كور بلد فارس .

[2] - حمزة بن الحسن الأصفهاني، التنبيه على حدوث التصحيف، الناشر: دار صادر - بيروت1992 ، ص ٢٣.

لێرەدا ئەو نووسەرە ئاشکرای کردووە کە زمانی پەهلەوی، زمانی دیوانی پاشایەتی، مالّباتی پاشاکان و پێنج هەرێمی قەڵەمڕەوی ساسانی بووە؛ ئەوانیش ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهە نەهاوەند و ئازەربایجان بوون، بەڵام فارسی بە تەنیا زمانی هەرێمی فارس بووە. واتە فارسی و پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) یەک زمان نین، هەرچەندە نزیکایەتی یەکجار زۆر لەنێوانیاندا هەیە و دەکرێ فارسی بە زاراوەیەکی پەهلەوی ناودێر بکەین. ڕاستییەکەی لە سەردەمی ساسانیاندا وشەکانی پارسیک و پەهلەویک هەبوون و بەکارهێنراون، بەڵام ناکرێ هاوواتا بووبن و بەیەک واتاش دەکارکرابن. پارسیک واتە پارسی و پەهلەویک واتە پەهلەوی، ئیدی ناکرێ بگوترێ کە مەبەست لەو دوو وشەیە هەر فارسییە!!

هەر سەبارەت بەو جیاوازییە، ئیلتفات عەبدی زادە [3]، لە پەڕتووکی (خط پهلوی یا) باسی لە جیاوازی نێوان زمانی پەهلەوی و فارسی کردووە، جەختی کردۆتەوە کە پەهلو بەواتای کوێستان یان شاخنشین بەکار هێنراوە، بۆ سەرڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەیشی ئاماژەی بەدێرە هۆنراوەیەکی فیردۆسی کردووە کە نووسیویەتی:

«پَهلَوْ» در زبان ایرانی به معنی کوه می‌باشد و زبان پهلوی بمعنی زبان کوه‌نشینان است در اشعار استاد فردوسی نیز واژه پَهْلَوْ به معنی کوه آمده است.

یکی لگشر آمد ز پهلو به دشت که از گرد اسبان هوا تیره گشت

[3]- التفات عبدی زاده، خط پهلوی یا، ناشر نیک آموز، چاپ مقدس اردبیلی، چاپ اول ۱۳۸۱ خورشیدی.

دیسانەوە سەبارەت بە جیاوازی نێوان پەهلەوی و فارسی، عەبدوڵڵا کۆڕی موقەفەع نووسیویەتی: (زمانە ئێرانیەکان بریتین لە: پەهلەوی، دەری، فارسی، خوزی و سریانی؛ هەروەها پەهلەوی بۆ پەهلە دەگەڕێتەوە کە پێنج شاری ئیسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهە نەهاوەند، ئازەربایجان دەگەڕێتەوە). هەرچەندە کە نەتەوەی کورد و بەلوچ دوو نەتەوەی ناو ئیمپراتۆری ساسانی بوون، بەڵام لەو ڕیزبەندەدا ئاماژە بە زمانی ئەوان نەکراوە، کەواتە مەبەست لە پەهلەوی وەک زمانی کوردی و بەلوچی و پسمامەکانیان تۆمارکراوە.
بێجگە لە فارسەکان، هەندێک لە ئەفغانیەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی فارسی دەری، زمانی نووسینی سەردەمی ساسانی بووە!! بەڵام کاتێک بەخێرایی بەدوای ڕاستیەکاندا دەگەڕێین و سۆراغیانی دەکەین، بەتایبەتیش لە گۆڕینی نووسراوەکانی سەردەمی ساسانی بۆ عەرەبی، ڕاستییەک ئاشکرا دەبێ و بانگەشەی ئەوان ئاپاچ دەبێتەوە، چونکە نووسیویانە کە بەرهەمەکانیان لە پەهلەویەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. وەک دەزاندرێ کە **'کلیله و دمنه'** بە هندی نووسرابوو، لە سەردەمی ساسانیدا وەرگێڕدرابوو، کاتێک ئیبن موقەفەع بۆ زمانی عەرەبی وەریدەگێڕێ، دەنووسێ لە زمانی پەهلەوی بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی بانگەشەی فەرمی بوونی زمانی فارسی دەریە، هەروەها ئەگەر بە زۆرەکی فارسی دەری وەک زمانی شاری 'مەدائین' ناودرێ بکرێ!! بەڵام زمانی دیوانی پاشایەتی و زمانی نووسین هەر زمانی پەهلەوی بووە نەک فارسی و فارسی دەری. ئەوەی لەمێژوودا تۆمارکراوە

که فارسی دەری زیاتر وشەگەلی خەڵکی سیستان، خۆراسان و بەلخی تێدا بالادەست بووە، ئەویش لەدوای ئەوکاتەوە ڕسکاوە کە **'ئازەرمیدوخت'**ی پاشای ساسانی دەستەیەک خەڵکی خۆراسانی بەهاورێیەتی فەڕوخ هورمز باوکی ڕۆستەمی فەڕوخزاد بۆ شاری مەدائین هێنابوو، دواتر ئەوانیش لەناو هێزی سەربازیدا دەستەڵاتیان پەیداکرد، ئیدی فارسی دەری ڕەواجی پەیداکرد، بەڵام وەک زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی سەرپشک نەکرا.

هەر سەبارەت بە بابەتی پەهلەوییوونی زمانی نووسین لەسەردەمی ساسانیدا، دکتۆر عەباسعەلی عەزیمی لە پەڕتووکی (شرح حال آثار ابن مقفع)[4] لە لاپەڕە پێنجدا نووسیویەتی: (نووسەرانی بەتوانای ئێرانی وەک عەبدولحەمید کاتب، ئیبن موقەفەع، سێبویە، بەشار بن بەرد، سەهل بن هارون، ئیبن قوتەیبیە، ئەبو حەنیفەی دینوەری پەیدا بوون، هەر ئەو نووسەرانە بەهۆی ئەوەی پەڕتووکەکانیان لە زمانی پەهلەویەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا؛ توانیان وێژەی عەرەبی دەوڵەمەند بکەن و ئەو بەرهەمانەش لە فەوتاندن ڕزگار بکەن). جێی ئاماژەیە کە ئەو نووسەرانە هەموویان ساسانی بوون، واتە یا فارس یا کورد و بەلوچ بوون.

---

[4]- شرح حال و آثار ابن مقفع، دکتر عباسعلی عظیمی، ، شماره ثبت در دفترمخصوص کتابخانه ملی ۱۰۷۸ مورخ ۱۶-۸-۲۵۳۵، انتشارات فرخی، تهران، خیابان لاله‌زار

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە زمانی فارسی دەری لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی تا ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی هاتە نێو ناوانەوە. لەو بارەیەوە دکتۆر عەباسعەلی عەزیمی نووسیویەتی: (دەورەی دووەم کە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی دەستی پێکرد و بە ڕووخانی خەلافەتی عەباسی کۆتایی هات؛ وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی دەستی پێکرد و پایەی فارسی دەری جێگیر بوو، چونکە نووسەرانی ئێرانی جارێکی دیکە بەرگی خۆمالّییان لەبەر نووسینەکانی خۆیان کرد، وەک ئەبو ڕەیحانی بیرونی، ئیمام فەخری ڕازی، بوعەلی سینا و دیتران)[5].

هەندێک لەمێژوونووسان ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکەن کە لەسەرەتای هاتنی ئیسلام، زمانی پەهلەوی ساسانی وەک زمانی کافران ناسێندرا، بۆیە پەرتووک و دەستنووسەکان، ئەوانەی لە پەرتووکخانەکاندا هەبوون، سووتێندران، دواتر ئەو بەرهەمانەی کە تاکوتەرا مابوونەوە، لە زمانی پەهلەوییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕدران و فەوتێندران. لەسەرەتای دەستەلاّتی ئەمەویەکاندا دەمارگیری و نەژادپەرستی عەرەبی بە لووتکە گەیشتبوو، تەنانەت موسلّمانە ناعەرەبەکان بۆیان نەبوو لەگەڵ عەرەبەکاندا لەیەک ڕیزدا بوەستن و نوێژ بکەن؛ لەو بارەیەوە دەگوترێ کە ئەمەویەکان دنەی نەژادپەرستیان دەدا و مرۆڤی ناعەرەبیان بە قێزەوەن و بێزراو پێوانە دەکرد، بۆیە ڕێ نەدەدرا بە

[5]- هەمان سەرچاوە لاپەڕە پێنج.

زمانی پەهلەوی ساسانی بنووسرێ، ڕێوڕەسمی دێرینیشیان حەرام کرد، ئەوەتا تا ئێستاش هەندێک مەلای کورد لەخۆڕاوە جێژنی نەورۆز بە حەرام دادەنێن و دژایەتی دەکەن. ڕاستییەکەی لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی تا ڕووخانی دەستەڵاتی عەباسییەکان، نووسەران لەپەنای زمانی فارسی دەرییەوە خۆیان نواند و بەرەویان بە فارسی دەری دا. لێرەدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە بەهۆی قەدەغەکردن و قێزەوەن پێشاندانی زمانی پەهلەوی ساسانی، نووسەرە ئێرانیەکان بەرەویان بە زمانی فارسی دەری داوەو ئەویان زیندوو کردۆتەوە. هەڵبەت وشەگەلی پەهلەوی لەنێو فارسی دەریدا پانتاییێکی بەرفراوانی داگیرکردبوو. هەربۆیە ئێستاش هاوبەشی زۆر لەنێوان زمانی کوردی و فارسی دەریدا هەیە. دیرۆکنووسان جەخت دەکەنەوە کە خەلافەتی عەباسی، بەهێزی خەڵکی غەیرە عەرەب جێگیر ببوو، تەنانەت لایەنگرانی ئەمەویەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دەوڵەتی ساسانی لەبەرگی خەلافەتی عەباسیدا دامەزراوەتەوە، چونکە لە سەرەتای دەستەڵاتی عەباسییەکاندا دەروازەیەکی نوێ بەڕووی بیروباوەڕی جیاواز کرایەوە، باوەڕی 'مانەوی'، 'زەردەشتی'، 'ئێزدی' و 'یارسان' ڕەواجیان پەیدا کردەوە، بەوهۆیەوە شەپۆلی نۆژەنکردنەوەی دینەکان و نووسین بە زمانەکانی دیکە بەرەوی پەیدا کردەوە. چونکە لەو سەردەمەدا دەروازەیەکی بچووک بەڕووی ئازادی ڕاماندا کرابۆوە.
ئەبی حەسەن عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی ناوسراو بە ئەلمەسعودی کە لە ساڵی ٩٥٧زایینی مردووە، بە گێڕانەوەی کەسێک بەناوی محەمەد کوڕی عەلی عەبدی خۆراسانی لە

پەڕتووکی مروەج ئەزهەبدا (**مروج الذهب، جلد ٥، ص٢١١**) نووسیویەتی، مەنسوور یەکەمین خەلیفە بوو، داوای کرد کە بەرهەمی زمانەکانی یۆنانی، ڕۆمی(لاتینی)، پەهلەوی، فارسی و سریانی بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی[6].

مەسعودی لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویەتی کە ئابیستا (ئاڤێستا) شرۆڤەیەکی هەیەو پێیدەگوترێ زەند کە ئەوان پێیانوایە قسەی خوایە و بۆ زەردەشت هاتۆتەخوارێ، دواتر زەردەشت لە پەهلەوی بۆ فارسی تەرجەمەی کردووە[7]. واتە 'مەسعودی'یش پەهلەوی و فارسی بە دوو زمانی جیاواز تۆمار کردووە.

ئێلتفات عەبدی زادە نووسیویەتی: [8] دیرۆکناس و زمانناسان. زمانی فەرمی ساسانیان بە پەهلەوی ساسانی یان پەهلەوی باشوور ناودێر کردووە.

مورخین و زبانشناسان، زبان رایج ساسانیان را پهلوی ساسانی یا پهلوی جنوبی نامیده‌اند

---

[6] - http://lib.eshia.ir/3022/15/5869/%D9%87%D9%85%D9%87 مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، دانشنامه بزرگ اسلامی، جلد ١٥، صفحه ٥٨٦٩.

[7] - ابی الحسن علي بن الحسين علی المسعودی، التنبه والاشراف، ص ٩٢، مطبعة بريل، مدينة ليدن ١٨٩٣م.

[8] - التفات عبدی زاده، خط پهلوی یا، ص ١٧، ناشر نیک آموز، چاپ مقدس اردبیلی، چاپ اول ١٣٨١ خورشیدی،.

هەر سەبارەت بە زمانی پەهلەوی، ئومێد شەرەفەدینی[9] کە ماجستەری لە زانستی پەروەردە و فەرهەنگدا هەیە و لە پەروەردە و فێرکردنی ناوچەی پازدەی تاران کاردەکات، نووسیویەتی لایەنی کەم تا ساڵی ٢٥٠ی کۆچی، تەواوی عێراقی ئێستا و خوزستان هەر بە زمانی پەهلەوی قسەیان دەکرد و زیاتر مەیلیان بەرەو پەهلەوی بوو تا عەرەبی و فارسی دەری (**مردم عراق بیشتر به فهلویات تمایل داشتند تا عربی و دری**). مەیلداری خەڵکی عێراقی ئێستا و خوزستان بۆ زمانی پەهلەوی ناسنامەی کوردی و لوڕی پێشاندەدا، چونکە دانیشتوانی عێراق و خوزستان کورد و لوڕ بوون. هەر لەپێوەند بە جیاوازی نێوان پەهلەوی و فارسی دەری، لەبابەت بە نووسراوەکانی مانیدا هاتووە کە زاراوەی دەقەکانی مانەوی هی دەقەری 'ئەوبەری ڕووبار'ە (مەبەست ئەودیوی ڕووباری دیجلەیە- نووسەر)، پەهلەوی ساسانی نیە و نزیکی فارسی دەریە[10]. هەر لەم پێوەندەدا، گەرەکە ئاماژە بە ڕامان و دانپیانانی ژاڵە ئامۆژگار بدەین کە لە زۆر شوێندا ڕاشکاوانە نووسیویەتی ئەم وشەیە و ئەو وشەیەی پەهلەوی لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەوەتا لە لاپەڕە ٦٩ی نووسراوەی 'زبان پهلوی ادبیات و دستوری آن' نووسیویەتی:

---

[9]- یاداشت/http://sedayemoallem.ir

[10] - رضا آقازاده، بررسی دستگاه آوایی زبان پارسی میانه، لاپەڕە ١١.

ضمیر مشترک در پهلوی xwad "خود" است.
کلمهٔ xwēš "خویش" فقط به صورت صفت مشترک (همراه با اسم) به کار می‌رود و در متنهای متأخر پهلوی، تحت تأثیر فارسی، گاهی "خویش" به‌جای "خود" به کار رفته است.

گەورە زمانزان و فەرهەنگنووسی ئێرانی، ئوستاد عەبدولڕەحیم هومایۆنفەڕوخ[11] لە پێشەکی' دستور جامع زبان فارسی' دا نووسیویەتی: چونکە زمانی فارسی نوێ لە پەهلەوی نەهاتووە بەڵکو لە پارسی دێرین وەرگیراوە، بەڵام لە کۆتاییدا زمانی پەهلەوی کاریگەری زۆری لێکردووە.

زیرا زبان فارسی جدید از **پهلوی** نیامده بلکه ازپارسی باستانی گرفته شده است ، منتها زبان پهلوی درآن تأثیرزیاد کرده است

ئاکام دەگەینە ئەو ڕاستەڕێیەی کە زمانی پەهلەوی زمانی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بووە، بەڵام لە زمانەکانی فارسی و فارسی دەری جودا بووە. ئیدی بەو لێکدانەوەیە بێ، دەکرێ بڵێین کە زمانی پەهلەوی هەر ڕاستەوخۆ زمانەکانی کوردی و بەلوچی و لوڕی دەگرێتەوە، لەوبارەیەشەوە زۆربەی میژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر سێ نەتەوەکە یەک ڕیشەی هاوبەشیان هەیە. یاقوتی حەمەوی میژوونووس و جوگرافیزانی ناودار لە پەرتووکی موعجەمولبولدان(معجم البلدان)دا نووسیویەتی:

[11] - عبدالرحیم همایونفرخ، دستور جامع زبان فارسی، چاپ سوم، تیر١٣٦٤.

(بەلوچ ناوی تیرەیەک لە کوردەکانە کە لەسەر زەمینێکدا لە نێوان پارس و کرماندا دەژین، بەلوچستان بەوانەوە دەناسرێ.) هەروەها عەبدوڵڵا ناسری، نووسەری ئێرانی نووسیویەتی کە: زمانی بەلوچی و کوردی زۆر لەیەکتری دەچن، بەلوچەکان لە زمانی کوردی تێدەگەن، وشەگەلێکی هاوبەشیان هەیەو جلوبەرگیان زۆر لەیەکترییەوە دەچێ).

ئێستا زمانی بەلوچی و کوردی لەیەکتری هاوێرکراون و وەک دوو زمانی جیاواز تۆمار کراون، بەڵام هەتا ئێستاش ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە مێژوونووس و زمانزانان جەخت لە یەکبوونی نێوان کورد و لوڕ دەکەنەوەو لوڕی بە زاراوەیەکی کوردی دادەنێن، کەچی مخابن چەند ساڵێکە بە دنەدان و هاندانی دەستەڵاتدارانی تاران، هەندێک نووسەری لوڕ هەوڵی خۆجیاکردنەوەیان لە کورد دەدەن. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە نکۆڵی لەوە ناکرێ کە لەدێرینەدا لوڕ و کورد و بەلوچ هەر یەک نەتەوەبوون و مەبەست لە پەهلەویش هەر زمانی ئەو نەتەوەیە (کورد، بەلوچ و لوڕ) بووە و هیچ ڕۆژێکیش پێش هاتنی ئیسلام زمانی فارسی زمانی هەموو ئێرانزەمین نەبووە.

لەلایەکی دیکەوە بە هەڵێنجان لە دانپیانانی مێژوونووسان و زمانناسان، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دەستەواژەی پەهلەوی ئەشکانی، زمانی خەڵکی خۆراسان، مازندەران، تەورێز، ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانی گرتۆیەوە، هەروەها پەهلەوی ساسانی، زمانی خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گرتۆتەوە؛ واتە زاراوەی کرمانجی سەروو دریژکراوەی پەهلەوی ئەشکانی و

زاراوەی کرمانجی خواروووش دریژکراوەی پەهلەوی ساسانییە. ئیدی بێباکانە دەتوانین بڵێین کە زمانی کوردی دریژکراوەی زمانی پەهلەوی(ساسانی و ئەشکانی)یە، هەربۆیەش لەلایەکەوە وێکچوون و نزیکایەتی لەگەڵ زمانی گیلەکی، مازنی و تالشی و تاتی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە وێکچوون و نزیکایەتی لەگەڵ بەلوچی و لوڕیدا هەیە؛ ئەگەر تەمەنی دەوڵەتی ساسانی دریژتر بوایە، ئێستا بە زمانی هاوبەشی ئەو نەتەوانە دەمایەوە.

لەو پێوەندەدا دەبێ وەبیری بهێنینەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە دیرۆکناس و زمانناسان، لە وێنەی 'دارمەستەتەر'ی زمانناسی ناسراوی فەرەنسی جەخت دەکەنەوە کە زمانی کوردی هەر زمانی 'مادی'کانە، بەڵام لە هەندێک بواردا گەشەی کردووە[12]. هەر ئەو زمانناسانەش جەختیان کردۆتەوە کە زمانی ئاڤێستا هەر زمانی 'مادی'کانە، ئەو بۆچوونەش بەو ڕاستەڕێیەمان دەگەیەنێ کە داری زمانی پەهلەوی هەر درەختی زمانی مادەکانە و بەشێوەیەکی جوانتر چڕۆی کردووە، بااڵی کردووە و پێگەیشتووە.

[12] - عبدالعلی کارنگ، تاتی و هرزنی دو لهجه از زبان باستان آذربایجان. ص ۳. چاپخانه شفق، تیرماه ۱۳۳۳ خورشیدی.

جێگۆڕکێی پیت لە نێوان وشەگەلی پەهلەوی و کوردیدا

لەدێر زەمانەوە زمانەکان پەیدابوون، گەشەیان کرد و پێگەیشتن، بەڵام هەندێکیان لەژێرگوشاری جۆراوجۆر و گۆڕانکاریەکانی مێژوویید خۆیان ڕانەگرت و توانەوە. شارەزایان جەخت دەکەنەوە کە شالاوی داگیرکاری، ڕەوشی سیاسی، سەپاندنی زمانێکی دیاریکراو و قەدەغەکردنی زمانەکانی دیکە، هۆکاری کۆمەڵایەتی، لاوازی ئابووری، هەڵکەوتەی جوگرافیایی و خەمساردی تاکەکانی نەتەوەکان، لە ڕابردوودا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان لە توانەوەی زمانەکاندا هەبووە. خۆ ئەگەر بەو پێودانگە بوایە، دەمێک بوو زمانی کوردی شوێنەواری نەدەما، چونکە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، نیشتمانی کوردان داگیر و دابەشکراو بووە، دەستەڵاتداران هەوڵی توانەوەی کوردیان داوە، زمانی کوردیان قەدەغەکردووە، بێباکانە تێکۆشاون کە ناسنامەی کوردبوون بسڕنەوە. دەستەڵاتدارانی عێراق و سوریا، مێژوونووسانیان هانداوە کە نەژادی کورد بۆ عەرەب بگێڕنەوە، لەو بارەیەوە دەیان پەرتووک نووسراون و بڵاوکرانەوە؛ لە تورکیای کەمالیدا نکۆڵی لە هەبوونی کورد کراوە و مێژوونووسانیان هانداوە کە نەژادی کورد بۆ تورک بگێڕنەوە؛ لە ئێرانیشدا دەستەڵات هەوڵیداوە کە زمانی کوردی بە زاراوەیەکی فارسی پێوانە بکات و مێژوونووسانیان هانداوە باس لە یەکنەتەوەیی نێوان کورد و فارس بکەن،

کەچـــی وێـــڕای هەمـــوو ئەوانەشـــەوە زمـــانی کـــوردی بەهـــۆی بەهێزبـــوون، توانـــا و شـــیانی خـــۆیەوە قـــایم ڕاوەســـتاوە، نەک نەتـــواوەتەوە، بەڵکـــو کـــۆت و زنجیـــری پســـاندوە و درێـــژەی بە کـــاروانی بەرەو پێشـــەوەچوون داوە و لێبـــڕاوانە بەرەو پێشـــەوە هەنگـــاوی هەڵگرتـــۆتەوە. بێگومـــان بەهـــۆی پـــارچەکردنی نیشـــتمانی کـــوردان و بەهـــۆی قەدەغەکردنـــی نووســـین و خوێنـــدن بە زمـــانی کـــوردی لە ڕابـــردوودا، هەم زاراوەکـــان لەیەکتـــر دوورکەوتـــوونەتەوە هەمـــیش لە پێکهـــاتەی هەنـــدێک وشـــە، لە هەندێک زاراوەدا پیتەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە.

گـــۆڕانی پیـــت لە وشـــەگەلی زمـــانی پەهـــلەوی بۆ کوردی

بەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن، زۆر ئاساییە کە وشەکانی پەهلەوی گۆڕانیان بەسەرداهاتبێ، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەچەند پیتێک دەکەین.

گۆڕینی پیتی **ڵ** بۆ **ھ**؛ نموونە: ئەور بووە بە هەور. ئەوراز بووە بە هەوراز.

گۆڕانی پیتی **ب** بۆ **ڤ**؛ نموونە: بێش بووە بە ڤێش.

گۆڕانی پیتی **پ** بۆ **ب**؛ وەک:پێستوون بووە بە بێستوون. پەتران بووە بە بەتران.

گۆڕانی پیتی **پ** بۆ **ف**؛ نموونە: پیل بووە بە فیل. شەپەق بووە بە شەفەق. ئەپیون بووە بە ئەفیون.

گۆڕانی پیتی **پ** بۆ **ڤ**، نموونە: ئاپ بووە بە ئاڤ. شەپ بووە بە شەڤ.

گۆڕانی پیتی **پ** بۆ **و**؛ نموونە: ئاپ بووە بە ئاو. باغەپان بووە بە باغەوان.

گۆڕانی پیتی **ت** بۆ **د**؛ نموونە: داتار بووە بە دادار. ئازات بووە بە ئازاد.

گۆڕانی پیتی **ت** بۆ **ی**؛ وەک: پەتمان بووە بە پەیمان. جوتن بووە بە جوین.

گۆڕانی پیتی **چ** بۆ **ئ**؛ وەک: چیش بووە بە ئیش.

گۆڕانی پیتی **چ** بۆ **ژ**؛ نموونە: ڕۆچ بووە بە ڕۆژ. پەرچین بووە بە پەرژین.

گۆڕانی پیتی **چ** بۆ **ز**؛ نموونە: پیرۆچ بووە بە پیرۆز. ئامێچ بووە بە ئامێز، نمێچ بووە بە نمێژ و نوێژ.

گۆڕانی پیتی **چ** بۆ **ش**؛ نموونە: ئیچ بووە بە ئیش.

گۆڕانی پیتی **چ** بۆ **ن**؛ نموونە: پەرویچ بووە بە پەروین.

گۆڕانی پیتی **خ** بۆ **ک**؛ نموونە: خانیک بووە بە کانیک، کانی.

.....

گۆڕانی پیتی **ڤ** بۆ **ب**؛ نموونە: ڤەراز بووە بە بەراز. ڤەس بووە بە بەس.

گۆڕینی پیتی **غ** بۆ **ن**؛ نموونە: بۆغدار بووە بە بۆندار.

گۆڕانی پیتی **ک** بۆ **ی**؛ وەک: داناکی بووە بە دانایی. ڕۆشناکی بووە بە ڕۆشنایی.

گۆڕانی پیتی **ک** بۆ **ق**؛ نموونە: کەلات بووە بە قەڵات.

گۆڕانی پیتی **گ** بۆ **ج**؛ وەک: بەنگ بووە بە بەنج. بورگ بووە بە بورج.

گۆڕانی پیتی **ن** بۆ پیتی **ت**؛ وەک: پاداشن بووە بە پاداشت.

گۆڕانی پیتی **و** بۆ **ب**؛ نموونە: واران بووە بە باران. ویست بووە بە بیست.

گۆڕینی پیتی **و** بۆ **ێ**؛ نموونە: پوست بووە بە پێست. کاووس بووە بە کاوێس.

لەهەندێک وشەدا زیاتر لە پیتێک بە پیتی دیکە گۆڕدراون، وەک:

ئاپرێچ بووە بە ئاورێژ. ئەپەت بووە بە ئەبەد. ئامۆچکار بووە بە ئامۆژگار.

کەوتن و قرتاندنی پیت لە هەندێک وشەی پەهلەویدا

کاتێک کە هەندێک وشەی پەهلەوی و کوردی بەراورد دەکەین، دەبینین کە پیتێک لە وشە پەهلەویەکەدا هەبووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا کەتووە و لادراوە. بە تایبەتیش لە دۆخی ناو، پەسن و وەسپدا، بۆ سەرڕاستکردنەوەیان ئاماژە بە هەندێک وشە دەدەین:

پیتی ک:

ئاراستەک= ئاراستە؛ داناک= دانا؛ دەستەک=دەستە؛ بابەک= بابە؛ بەندەک=بەندە؛ بەهرەک = بەهرە؛ پوختەک = پوختە؛ پێشینەک=پێشینە؛ پەیداک = پەیدا؛ تازەک = تازە؛ تەلەک= تەلە؛ بادەک = بادە؛ ئێڤارەک=ئێڤارە؛ سزاک=سزا؛ چینەک=چینە؛ چارەک=چارە، سەرماک=سەرما؛ گۆناک=گۆنا؛ گەندەک=گەندە. پەهلەویک= پەهلەوی.

بەوردبوونەوە لەم وشانە، دەبینین کە پیتی 'ک'ی کۆتایی کەوتووە و واتای وشەکەیش وەک خۆی ماوەتەوە.

پیتی گ:

ئەنیەگ = ئەنیە؛ چهرەگ+ چهرە؛ بەندەگ= بەندە؛ ئاسیاگ= ئاسیا؛ ئاشناگ=ئاشنا؛

لێرەشدا تەنیا پیتی 'گ' کۆتایی کەوتووە و وشەکەیش وەک خۆی بەهەمان واتا ماوەتەوەو هیچ گۆڕانی دیکەی بەسەردا نەهاتووە.

پیتی هـ:

پاکیهـ = پاکی؛ ئاسانیهـ= ئاسانی؛ ڕاستیهـ= ڕاستی؛
براتیهـ=براتی؛ هەرزانیهـ=هەرزانی؛ پەناهـ=پەنا؛
دەستیاریهـ=دەستیاری؛ دووریهـ=دووری؛ خوڕەهـ=خوڕە؛
دۆستیهـ=دۆستی.سەختیهـ=سەختی؛ شیرینیهـ=شیرینی.
لێرەشدا تەنیا پیتی 'هـ'ی کۆتایی وشەکەوتووە و وشەکە وەک خۆی ماوەتەوە.

کەوتنی پیتی ناوەڕاست لە وشەی سێ پیتیدا:

بوت = بت؛ توف = تف؛ جاهـ=جهـ؛ بون=بن؛ سوم=سم؛ پوڕ=پڕ ؛ چهل=چل.

کەوتنی دوا پیتی هەندێک وشە:

بەخشیشن= بەخشیش. شایستەن = شایستە. بات = با. پۆلات = پۆلا. شکۆد= شکۆ. ئاگاس= ئاگا. برات = برا. ئەوی= ئەو. ئاسوودەن=ئاسوودە؛ سپیت= سپی؛ سەرای=سەرا.

لێرەدا دەبینین کە تەنیا پیتی کۆتایی قرتێندراوە و واتای وشەکەیش وەک خۆی ماوەتەوەو هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

کەوتنی پیت لە وشەی پێنج و چوار پیتیدا:

نازوک=نازک، تروش=ترش، پوشت=پشت، خیشت=خشت.

کەوتنی ئاوارتەیی لە وشەی پێنج پیتیدا:

برینج = برنج؛ بوخور= بخور؛ کەهون=کەون؛ بولند= بلند

پێشگر و پاشگر لە پەهلەویدا

زمانی پەهلەوی وەک زمانەکانی دیکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ سوودیان لە پێشگر و پاشگر وەرگرتووە. واتە هەردوو گرەکە جێی بەهرەمەندی بوونە.

یەکەم: پێشگرەکان کە خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

١- **ئە**، واتای 'بێ' و 'نا' دەدات، نموونە:

ئەباژەک	بێجێ
ئەبارون	نادروست
ئەسەر	بێسەر- بێکۆتایی
ئەکام	بێکام، ناکام
ئەکار	بێکار، ناکار

.....

ئەبۆغ	بێبۆن
ئەبون	بێبن، بێبنەچە
ئەبێش	بێئێش
ئەچارەک	بێچارە، ناچار
ئەسامان	بێسامان
ئەدەرت	بێدەرد
ئەدومب	بێدوم، بێکلک

٢- **ئەبێ**، واتای 'بێ' دەدات، نموونە:

ئەبێیاد	بێبەهرە
ئەبێیەستار	بێگوناهـ
ئەبێهۆش	بێهۆش

٣- **ئەپێ**، واتای 'بێ' و 'بەبێ' دەدات. نموونە:

ئەپێبێش	بێئێش
ئەپێبەر	بێبەر
ئەپێبرات	بەبێبرا
ئەپێبیم	بەبێترس

٤- **ئەن**، ئەگەر پیتی دەنگدار لە سەرەتای وشەکەدا هەبوو، ئەم پێشگرە ڕۆڵی نەڕێکردن دەبینێ؛ بۆ نموونە:

ئەنئازار	بێئازار
ئەنئومێت	نائومێد
ئەنئەرژ	بێنرخ، بێئەرز، بێئەرژ(زا)
ئەنئاپ	بێئاو

٥- **دور**. واتای بەد دەدات، نموونە:

دورچیهر	بەدچارە
دوورڤەند	بەدڤەند(بێباوەڕ)

٦- **دوش**، بەواتای دژ و پێچەوانە هاتووە، نموونە:

دوشمن	دژی من(دوژمن)
دوشفەڕ	بەدفەڕ، دژفەڕ(پێچەوانەی فەڕ)

٧- **دۆژ** بەواتای بەد یان خراپ هاتووە؛ نموونە:

دۆژەخ	بەدئاخ، (دۆزەخ)

٨- **دیژ**، دژ، بەواتای بەد و خراپ، نموونە:

دیژوار	دژوار

۹- **هام**، واتای هاو دەدات، نموونە:

هامچهرەگ هاوچهرە

هام ناف هاونەژاد

هامبەند هاوبەند

۱۰- **هو**، **هۆ** بەواتای باش و چاک دێ، وەک:

هوبۆغاگ بۆنخۆش، خۆشبۆن

هوفرەمان فرمانی چاک، چاکفرمان

پاشگرەکان خۆیان لەمانەدا دەبینیتەوە:

۱/ **هگ**، بۆ دروستکردنی پەسەن و ناو، نموونە:

بەست بووە بە: بەستەگ ⟵ ئێستا بە'بەستە' ماوەتەوە.

ئاسمان بووە بە: ئاسمانەگ ⟵ئێستا بە 'ئاسمانی' ماوەتەوە

پای بووە بە : پایەگ ⟵ئێستا بە 'پایە، پێگە' جێوارە.

چهر بووە بە : چهرەگ ⟵ ئێستا بە 'چهرە' جێوارە.

مەردۆم بووە بە: مەردۆمەگ ⟵ئێستا بە 'مەردوم' هەیە.

ئەمبار بووە بە : ئەمبارەگ ⟵ ئێستا بە'ئەمبارکراو' هەیە.

بەند بووە بە : بەندەگ ⟵ ئێستا بە 'بەندکراو' جێوارە.

۲/ **هگ**، بۆ دروستکردنی پەسنی کارایی لەسەر قەدی فرمانی ڕانەبردوو، نموونە:

پەروەرز بەهۆی 'هگ' بووە بە: پەروەرزەگ=پەروەردەکراو

٣/ **هگ،** بۆ دروستکردنی پەسن لەسەر پەسندا، نموونە:
سیاو بەهۆی 'هگ' بووە بە : سیاوەگ ⟵ سیا، ئێستاش لە هۆرامی هەر بە 'سیاو'ە ماوەتەوە.
٤/ **اگ،** بۆ دروستکردنی پەسنی کارایی لەسەر قەدی فرمانی ڕانەبردوودا، نموونە:
توخش بووە بە : توخشاگ ⟵ کۆشا
براز بووە بە : برازاگ ⟵ درەوشاوە
٥/ **ەن**، بۆ دروستکردنی ناو، نموونە: ئاخوەڕەن، پەیمۆزەن.
٦/ **ان**، ئەم پاشگرە بۆ دروستکردنی وشەی جۆراوجۆر سوودبەخشە:

- بۆ دروستکردنی ناوی سەرجەلەیی، نموونە:
  پاپەگان (پاپەگ+ان= پاپەگان)
  سلوکان (سلوک+ان= سلوکان)
- بۆ دروستکردنی ناو لە پەسن، نموونە:
  کردەگان(کردەگ+ان= کردەگان)
- بۆ دروستکردنی ناو لەسەر ڕەگی کار دا، نموونە:

واران(وار+ان= واران)، یەکسانە بە 'باران'ی کوردی.
گریان(گری+وان= گریان)، یەکسانە بە 'گریان'ی کوردی.

- بۆ دروستکردنی ناو لەسەر ناودا، نموونە:
  توخمەگان(توخمەگ+ان= توخمەگان)

٧/ **انەگ**، نموونە: یاوێدانەگ(یاوێد+انەگ)، مەردانەگ.
٨/ **ەندەگ**، نموونە: ژیوەندەگ(ژیو+ەندەگ).
٩/ **انیگ**، نموونە: شەپانیگ (شەپ+انیگ).

١٠/ **ار**، نموونە: ویندار (وینـد+ار).

١١/ او، نموونە: وەهیشتاو (وەهیشت+او).

١٢/ اوەند، نموونە: پادیشفراوەند (پادیشفر+اوەند).

١٣/ **اویند**، نموونە: هونەراویند (هونەر+اویند).

١٤-١/ بان، ئێستا لە هەندێ وشەدا وەک خۆی ماوەتەوە، نموونە: میهرەبان (میهر+ە+بان) کەچی لە هەندێ شوێنی دیکەدا لە کرمانجی خواروو پیتی 'و' و لە کرمانجی سەروو پیتی 'ڤ' جێی پیتی 'ب'یان وەرگرتووە، بۆ نموونە: دەرگەوان، شارەوان، سەگڤان، دلۆڤان، کەچی ئەم پاشگرە لە زمانی فارسی و فارسی دەریدا سەنگایی خۆی پاراستووە.
١٤-٢/ وان، پاشگری وان وەک خۆی ماوەتەوە و کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نموونە: ئاترەوان و ئاسرەوان لە پەهلەوی، گاوان، ڕێوان، سەروان، دیدەوان، دەشتەوان، پیلەوان، پاڵەوان لە کوردی.

١٥/ پان، ئەم پاشگرە بەهۆی گۆڕانی پیتی 'پ' بۆ 'و' و 'ڤ' ئێستا بووە بە 'وان' و 'ڤان'. نموونە: باغەپان(باغ+ە+پان)= باغەوان.
١٦/ ینـد، ئەم پاشگرە لە نێو وشەکانی ئێستای کوردیدا دەرناکەوێ، بەڵام لە پەهلەویدا جێوار بووە، نموونە: زانیند (زان+یند)= زانا

١٧/ ێن، ئەم پاشگرە وەک خۆی ماوتەوە، تەنیا پیتی 'ی' جێی پیتی 'ێ'ی گرتۆتەوە، نموونە: زەڕێن(زەڕ+ێن)= زێڕین. هەروەها وشەکانی 'ڕەنگین، زەنگین، نەخشین، سەنگین' لە ڕێی ئەم پاشگرەوە دروستکراون.

١٨/ ستان، ئەم پاشگرە ئێستا لە زمانی کوردیدا وەک خۆی دەکار دەکرێ. نموونە: بەندستان(بەند+ستان)=بەندیخانە؛ باغستان(باغ+ستان). هەروەها وشەکانی گوڵستان، گۆڕستان، شارستان و سەدان وشەی دیکە بەهۆی ئەم پاشگرەوە دروست کراون.

١٩/ گەر، ئەم پاشگرە ئێستا لە زمانی کوردی جێوارە، هەندێک جار وەک خۆی ماوەتەوە، نموونە: ئاسنگەر(ئاسن+گەر)= ئاسنگەر؛ مسگەر.

هەروەها هەندێک جار بووە بە گر، بۆ نموونە: وشەکانی زێڕینگر، ئامارگر، ماسیگر، ڕێگر، جێگر و دەیان وشەی دیکە بەهۆی ئەم پاشگرەوە دروستکراون و دەکرێن.

٢٠/ کار، ئەم پاشگرە وەکو خۆی ماوەتەوە. وشەکانی خزمەتکار، پێشکەشکار، شێوەکار، جوانکار، کرێکار و دەیان وشەی دیکە بەوهۆیەوە دروستکراون.

٢١/ کەر، کەر، ئەم پاشگرە وەکو خۆی ماوەتەوە، بۆ نموونە: بەزاکەر(بەزاک+کەر)؛ هەروەها وشەکانی ئیشکەر، ڕاوکەر، نانکەر و دەیان وشەی دیکە بەهۆی ئەم پاشگرەوە چێکراون.

٢٢/ گـێن، ئەم پاشـگرە مـاوەتەوە، تەنیـا پیتـی 'ێ" بـۆ 'ی' گـۆڕاوە، نمـوونە: زێنگێن(زێن+گـێن)؛ وشـەکانی 'خەمگـین، سـەرگین، بارگین' بەهۆی ئەم پاشگرەوە دروست کراون.
٢٣/ مەنـد، ئەم پاشـگرە وەک خـۆی لە کـاردایە، نمـوونە: لە پەهـلەوی وشـەکانی زۆرمەند(زۆر+مەنـد) و شۆیمەند(شـۆی+مەند)، هەروەهـا لە زمـانی کوردیشـدا وشـەکانی هۆشـمەند، هونەرمەنـد، بەهرەمەنـد و چەنـدین وشـەی دیکە بەهۆی ئەم پاشگرەوە دروستکراون.

٢٤/ یفـت، ئێسـتا لەم پاشـگرەدا تەنیـا 'ی' مـاوەوە، نمـوونە: دوژواریفت(دوژوار+یفـت)= دژواری؛ ژیریف(ژیر+یفـت)= ژیری.

٢٥/ وەر، ئێستا وەک خۆی لە زمانی کوردیدا جێوارە، نموونە: باروەر(بـار+وەر)= بـاروەر. لە کوردیشـدا وشـەی سـەروەر بەهۆی هەمان پاشگر دروست بووە.

٢٦/ ژەگ، ئەم پاشـگرە بـۆ بچـووککردنەوە دەکـار دەکـرێ، تەنیـا پیتـی 'ز' جێـی پیتـی 'ژ'ی گرتـۆتەوە، نمـوونە. کەنیژەگ(کەنی+ژەگ)= کەنیزەک. بە 'کەنیشک' ماوەتەوە.

٢٧/ وم، ئەم پاشـگرە، بە گـۆڕانی پیتـی 'و' بـۆ 'ە' مـاوتەوە، نمـوونە: چەهاروم(چەهـار+وم)= چـارەم، چـواردەم؛ هەفتوم(هەفـت+وم)= هەفـتەم؛ بەڵام لە فارسـی دەریـدا وەک خۆی ماوەتەوە.

.....

۲۸/ یەـ، ئەم پاشگرە بۆ 'ی' کورتکراوەتەوە و قورسایی خۆی پاراستووە، نموونە: ئاپیهـ(پەهلەوی)= ئاوی(کوردی)؛ ئاسانیهـ(پەهلەوی)= ئاسانی(کوردی)؛ پاکیهـ(پەهلەوی)= پاکی(کوردی)؛ براتیهـ(پەهلەوی) براتی(کوردی)؛ ئەرزانیهـ(پەهلەوی)= ئەرزانی(کوردی)، ئەمانە و دەیان وشەی دیکە.

۲۹/ **وار،** ئەم پاشگرە وەک خۆی ماەتەوە، ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا هاوکارییەکی باش بۆ چییکردنی وشەی نوێ دەکات. نموونە: گوردوار(پەهلەوی)، ژینوار(کوردی). هەروەها وشەکانی جێوار، گۆوار، خوێندەوار، شوێنەوار، کۆلەوار، ئاسەوار، بەرزەوار و چەندین وشەی دیکە بەهۆی ئەم پاشگرەوە چێکراون.

۳۰/ **زار،** ئەم پاشگرەش سەنگایی و کارایی خۆی پاراستووە، هەتا ئێستا سوودبەخشە؛ نموونە: ئوزدێسزار(پەهلەوی)، گوڵزار(کوردی).

۳۱/ **یەک،** ئەم پاشگرە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەتا ئێستا هەر ڕۆڵی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ نموونە: تاریک (پەهلەوی)، تاریک (کوردی). باریک(پەهلەوی)، باریک(کوردی).

جێناو لە زمانی پەهلەویدا

جێناوە سەربەخۆکان لە زمانی پەهلەویدا بریتی بوون لە:

کەسی یەکەمی تاک (تاکی قسەکەر-ئاخێوەر-):

ئەز، من= ئەز(ب)، من

کەسی دووەمی تاک (گوێگر، تاکی قسەلەبەر-ئاخێوبەر-):

شمە، تۆ= شمە(هۆ، زا)، تۆ

کەسێ سێیەمی تاک (تاکی قسەلەسەر-ئاخێوسەر-):

ئەوی= ئەو.

کەسی سێیەمی تاکی نێر: هان= ئەو، { وی، لە زاراوەی کرمانجی سەروو بۆ نێر جێوارە}.

کەسی سێیەمی تاکی مێ: هو= ئەو، { وێ، لە زاراوەی کرمانجی سەروو بۆ مێ جێوارە }.

کەسی یەکەمی کۆ: ئەمەهـ= ئەمە(هـ)، ئێمە، ئەم(ب)

کەسی دووەمی کۆ: شماهـ، ئەشما= ئێوە، هوین(ب)

کەسی سێیەمی کۆ: ئۆیشان، ئۆشان: ئەو(ئەوان)، ئۆشان

جێی وەبیر هێنانەوەیە لە سەردەمی منداڵانیدا، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەس و لایەنەی کە یەکەمجار یاریەکە دەستپێدەکرد، هەڵدانی بەردی تەڕ و وشک، یان دەستگرتنەوە هەبوو، دوو کەس وەک نوێنەری دەستەکان بەرانبەر یەکتر ڕادەوەستان و یەکێکیش دەبوو بە دادوەر و دەگوترا:٠(هان ، هون، هندکلار). ئەوێ ڕۆژێ نەماندەزانی هان و هون واتای چییە، بەڵام دەردەکەوێ کە بۆ دیاریکردنی ئەم یا ئەو بووە و لە دێرینەوە مابۆوە.

هەندێک ڕستەی جێناوی کارا لە دۆخی ڕابردووی سادەی زمانی پەهلەوی ساسانی دا لەگەڵ زمانی فارسی و زاراوەکانی کوردی بەراورد دەکەین:

پەهلەوی	فارسی	ک/ سۆرانی	ک/ بادینی
من دیت	مَن دیدَم	من دیتم	م(من) دیت
تۆ دیت	تو دیدی	تۆ دیتت	تە دیت
ئەوی دیت	او دید	ئەو دیتی	ئەو(وی، وێ) دیت
ئەمەھ دیت	ما دیدیم	ئێمە دیتمان	مە دیت
ئەشما دیت	شما دیدید	ئێوە دیتتان	هوین دیت
ئەوێشان دیت	ایشان دیدند	ئەوان دیتیان	ئەو(وان) دیت
من تۆ دیت هێ	من تورا دیدم	من تۆم دیت	من تە(تۆ) دیت
من ئۆی دیت	من اورا دیدم	من ئەوم دیت	م ئەو دیت

لێرەدا لە چاوگی 'دیتن'ی پەهلەویدا، کرداری 'دیت' وەرگیراوە، لە کوردی هەر 'دیتن'ە، بەڵام فارسەکان بە 'دیتەن' تۆماریان کردووە ئێستا 'دیدەن'ە.

لەم بەراوردەدا دەردەکەوێ کە ڕێزمانی زاراوەی بادینی کتومت وەک پەهلەوی ساسانییە، بەلام لە فارسی و سۆرانیدا هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، جێناوی کارا لە ڕستەی ڕانەبردبووی پەهلەوی ئەشکانی وەک نموونە وەردەگرین:

پەهلەوی ئەشکانی: ئەز مەدێزن بەغ شاهپور، **ئاریانشەهر خوەدای هێم**.

کوردی بادینی: ئەز شاپوڕێ خودێ پەرس، خوەدی ئاریانشاریمە.

.....

کوردی سۆرانی: من شاپوری خواپەرست، خاوەنی ئاریانشارم.
فارسی: مەن بەغ مەزداپەرست شاپور، خدایگان ایرانشهر هستم.
لەم بەراوردەشدا هەر زاراوەی کوردی بادینی نزکترە.

ئەگەر ڕستەیەک لە دۆخی ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا بەراورد بکەین، بەم شێوەیە خۆیا دەبێ:

پەهلەوی/ هۆرامی	فارسی	ک/ سۆرانی	ک/ بادینی
وینێم،/ وینام	می بینم	دەبینم	دبینم
وینێ/ وینات	می بینی	دەبینیت	دبینی
وینێد/ وییناش	می بیند	دەبینێ	دبینیت
وینێم/ وینامان	می بینیم	دەبینین	دبینین
وینێد/ وییناتان	می بینید	دەبینن	دبینن
وییناند، وینێن/ وییناشان	می بینند	دەبینن	دبینن

ئەگەر نموونەیەک لە ڕستەی بەرکاری ناو و جێناو بخەینە بەرچاوان.

پەهلەوی	فارسی	ک/ سۆرانی	ک/ بادینی
من ئازات دیت	آزاد را دیدم	من ئازادم بینی	من ئازاد دیت
من ئۆی دیت	اورا دیدەم	ئەوم بینی	م ئەو دیت

لەم ڕستەیەشدا دیسانەوە وەکیەکی ڕێزمانی لەنێوان پەهلەوی و زاراوەی بادیندا وەدیار دەکەوێ.
هەروەها ڕستەیەکی پەهلەوی ساسانی بەراورد دەکەین کە **جێناوی لێکدەری** تێدا بێ، بۆ نموونە:

.....

پەهلەوی	فارسی	ک/ سۆرانی	ک/ بادینی
ئوم گۆپت کو	گفتم که	گوتم که	م گۆت کو

دیسانەوە لەم ڕستەیەشدا نزیکی تەواو لەنێوان پەهلەوی و زاراوەی بادینیدا هەیە، دەکرێ لەم بارەدا بە نزیکترین زاراوە پێوانە بکرێ.

ڕستەیەکی پەهلەوی ئەشکانی بەراورد دەکەین کە **جێناوی لێکدەری** لەگەڵدایە:

پەهلەوی ئەشکانی: من واخت کو بزیشک هێم.

کوردی بادینی: من گۆت کو پزیشکم.

کوردی سۆرانی: من گوتم که پزیشکم.

کوردی هۆرامی: من واتم پزیشکەنا.

فارسی: مەن گوفتەم که پزیشک هەستەم.

دیسانەوە 'کو'ی جێناوی لێکدەر لە پەهلەوی ئەشکانی و کوردی بادینیدا وەک یەکن و هیچ جیاوازییان نییە.

ئەگەر ئەم ڕستەیەی پەهلەوی ئەشکانی وەربگرین، کە 'حەسەن ڕەزائی باغ بێدی' لە لاپەرە حەفتای 'دەستووری زمانی پارتی –پەهلەوی ئەشکانی-دا تۆماری کردووە، ئەوسا لەگەڵ زمانی فارسی و زاراوەکانی کوردی بەراوردی بکەین، با بزانین چۆن دێتە دەست:

پەهلەوی ئەشکانی: شا واخت کو ئەژ کوو ئەی؟

šāh wāxt kū až kū ay.

کوردی بادینی: شا گۆت کو ژ کیرێی؟ ژ کووەی؟ کودەرێی؟

کـــوردی ســـۆرانی: شـــا گـــوتی کە تـــۆ هـــی کوێیـــت؟ (خەڵکـــی کوێیت؟)

کوردی هۆرامی: شا واتش تو خەڵکو کو گەینی؟

فارسی: شاه گفت که از کجا هستی؟ (اهل کجایی؟)

لەم ڕستەیەشـــدا وەکیەکـــی لەنێـــوان پەهـــلەوی ئەشـــکانی و زاراوەی بادینیدا هەیە و هیچ گومانێک ناهێلێتەوە.

جێناوە لکاوەکان لە پەهلەویدا

جێناوی لکاوی تاک [م، ت ، ش]

ئەم جێنـــاوانەی بە'نـــاو'یکەوە دەلکـــێن لە زاراوەی بـــادینی نـــین، بەڵام لە هۆرامیدا کتومت وەک خۆیان ماونەتەوە، نموونە:

پەهلەوی	هۆرامی	سۆرانی	بادینی
دیدێم	دیەم	چاوم،دیدەم	چاڤێ من
دیدێت	دیەت	چاوت، دیدەت	چاڤێ تە
دیدێش	دیەش	چاوی، دیدەی	چـــاڤێ وی/ وێ

.....

لەم بەراوردەدا دەبینین کە هۆرامی لەگەڵ پەهلەویدا هاوتایە و هیچ جیاوازی تێدا نیە، هەرچەندە لەم بڕگەیەدا زمانی فارسیش لەگەڵ پەهلەویدا هاوتا و یەکسانە.

جێناوی لکاوی کۆ [مان، تان، شان]

ئەو جێناوانەی بە ناوێکەوە دەلکێن بەم شێوەیە دیار دەبن:

لە کوردی هۆرامیدا: ما(مان)، تا(تان)، شا(شان).

لە کوردی سۆرانیدا: مان، تان ، یان.

لە کوردی بادینیدا: مە، وە، وان.(ئەم جێناوانە بە سەربەخۆ دادەنرێن و دەگوترێ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دێن، بەڵام لە کاتی خاوەندارێتیدا ڕۆڵی لکاو دەبینن).

لە زمانی فارسیدا: مان، تان، شان.

لێرەدا هۆرامی و فارسی لەهەموویان نزیکتر دەردەکەون، بەڵام کاتێک جێناوی لکاو بە ناوێکی پەسناوییەوە دەلکێ، ئەو کاتە لە فارسی دوور دەکەوێتەوە، وەک ئەم نموونەیە:
پەهلەوی ساسانی: ماد**مان** رودوار.
کوردی بادینی: دەیکا **مە** یا دلۆڤان.
کوردی سۆرانی: دایکی میهرەبانمان.
کوردی هۆرامی: ئەیای میهرەبانەما.
فارسی: مادر مهربان ما.

لەم دۆخەدا جێناوی لکاوی خوەدی لە زاراوەی بادینیدا نزیکایەتی زۆرتری لەگەڵ پەهلەویدا هەیە، چونکە جێناوەکە لەگەڵ ناوەکەدا دەمێنێتەوە، واتە لەدوای ناوەکەوە دێ و خۆی بە پەسنی ناوەکە نالکێنێ، بەڵام لە زاراوەکانی سۆرانی و هۆرامی و زمانی فارسیدا جێناوەکە لە ناوەکە دادەبڕێ و بە دوای پەسنەکە(ڕازا) دەکەوێ.

نیشانەی کۆ لە پەهلەویدا

نیشانەی کۆ لە پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) تەنیا ' ان ' بووە، کە ئێستاش لە زمانی کوردی دا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە هەندێک لەو نووسراوانەی کە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، واتە دوای هاتنی عەرەب، بەتایبەتیش ئەوانەی لە زەمانی عەباسیەکاندا نووسراون، لەهەندێک شوێندا نیشانەی (ئیها) بەکار هێنراوە کە ئێستا لە زمانی فارسیدا بۆ 'ها' گۆڕاوە. لەوانەیە نیشانەی 'ئیها' کاتێک بەکارهێنرابێ و ڕەواجی پەیدا کردبێ کە ڕێ بە نووسەران دراوە بە فارسی دەری بنووسن؛ لەوانەیە هەر نیشانەی کۆی فارسی بووبێ نەک نیشانەی کۆی زمانی پەهلەوی. لەو بارەیەوە ئەمانوئێلا ئازەر[13] نووسیویەتی: (**مي بينيم كه نتايج تحقيق و جستجو در زبان هاي قديم، براي يافتن ريشه و اصل جزء«ها» ظاهرا تاكنون بي نتيجه مانده است**). ئەمانە و دەیان تێڕوانینی دیکە سەرڕاستی دەکەنەوە کە نیشانەی کۆ

[13] - https://www.academia.edu

لە زمانی پەهلەویدا تەنیا (ان) بووە و 'ها' پێشینەی نەبووە. بۆ نموونە:

هوشتر+ان= هوشتران

ڕاز+ان= ڕازان

ئاتورکاتەک+ ان= ئاتورکاتەکان

دۆپای+ ان = دۆپایان

ئازاتەک+ ان = ئازاتەکان

ئامۆچکار+ ان= ئامۆچکاران

گرامیک+ ان = گرامیکان

ڕێسای فرمانی داخوازی

بۆ چێکردنی فرمانی داخوازی سوود لە ڕەگی کاری ڕانەبردووی ئاخێوەر(قسەکەر) وەردەگیرێ، بۆ نموونە ئەگەر ڕەگی دەنووسم وەربگرین دەبێ بە 'نووس'، چونکە 'دە+م' لادەبەین و تەنیا ڕەگی کارەکە دەمێنێتەوە؛ ئەوکاتە دەبێ بە: بنووسە'، هەروەها لەدۆخی نەرێدا دەبێ بە 'مەنووسە'. ڕەگی کردن دەبێ بە 'کە'، لە دۆخی ئەرێ دەبێ بە 'بکە'، ئەگەر نەڕێی بکەینەوە دەبێ بە 'مەکە' واتە 'مە' کردارەکە بە نەرێ دەکات، لە زمانی پەهلەویدا هەر 'مە' ڕۆڵی نەرێکردنی هەبووە، ئێستا لە زمانی کوردیشدا هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام لە زمانی فارسیدا سوود لە 'نە' وەردەگیرێ. هەرچەندە ێشتر لە زمانی فارسیشدا 'مە، نە' وەک ئامرازی نەرێکردن سوودیان لێوەردەگیرا، بەڵام ئێستا بۆ 'نە' کورت بۆتەوە.

پەهلەوی	فارسی	ک/ سۆرانی	ک/ بادینی
مەکۆ	نەکون	مەکە	نەکە

دروستکردنی پەسن و وەسپ

لە زمانی پەهلەویدا بۆدروستکردنی پەسن سوود لە ڕەگی فرمانی ڕابردوو وەرگیراوە، ئێستا لە زمانی کوردیدا هەمان ڕێچکە دریژەی هەیە. بەڵام لەوانەیە هەندێک لە پاشگرەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ.

١/ ئار (ار)، بەهۆی ئەم پاشگرەوە زۆر بە ئاسانی لە ڕەگی کاری ڕابردوو پەسن دروست دەکرێ، بۆ نموونە: ڕەگی کرتن، دەبێ بە کرت، ڕەگی دیتن دەبێ بە دیت، ئیدی پەسنی کرتار و دیتار دروست کراون، ئێستا لە زمانی کوردیدا ڕەگی کردن دەبێ بە کرد، ڕەگی دیتن دەبێ بە دیت، ئیدی کردار و دیدار دروست کراون.

٢/ **وگ**، بەهۆی ئەم پاشگرەوە لە ڕەگی فرمانی ڕابردوو پەسنی جۆراوجۆر دروست کراوە، ئێستا لە زاراوەی سۆرانی بە **'وو'** گۆڕراوە،، لەبنزاراوەی هەولێر و لە زاراوەی بادینی بە **'ی**؛ گۆڕدراوە، وەک:

مردەگ بووە بە مردوو، (مردی/ مری). خوەفتەگ بووە بە خەوتوو. تشنەگ بووە بە تینوو، (تێنی).

پردێک بۆ بەستنەوەی ڕابردوو

زمانزانان جەخت لەمێژینەیی زمانی کوردی دەکەنەوە، بەڵام لەلایەن داگیرکەرانەوە بە ئەنقەست پێچنەی گەڕانەوە بۆ دێرینەمان ڕووخێندراوە. مخابن لە دوای نەمانی ساسانییەوە تا ئێستا دەلیڤەیەکی گونجاو بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو پردەی کە بە ڕابردوومان دەبەستێتەوە، نەڕەخساوە. بێگومان ئەگەر زمانناس و پسپۆڕانی بنەچەناسی خۆمان شێلگیرانەتر کار بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو پردە بکەن، زۆر بەئاسانی لە وێستگەی دێرینەدا قایم ڕادەوەستین. ئەگەر جاران ئاڤێستا وەک دایکی زمانەکانی کوردی و فارسی ناسێندرابوو، بەڵام ئێستا زمانزانان هەڵوەستە دەکەن؛ لەو بارەیەوە مامۆستا مەسعود محەمەد نووسیویەتی: (وشە هاوبەش و هاوشێوەکانی کوردی و فارسی، ئەوانەی سەرچاوەیان بۆ ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، ئاڤێستاییەکان زیاتر لە کوردییەوە نزیکن نەک فارسی). لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە کە هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، بەڵام بەبەڵگەوە سەڵمێندراوە کە زمانی فارسی بۆ بنەچەی ئاڤێستایی ناگەڕێتەوە، کەچی هەتا ئێستاش پسپۆڕان جەخت لە ڕەگ و ڕیشەی ئاڤێستایی بوونی زمانی کوردی دەکەنەوە. خۆ ئەگەر ڕاستوێژانە هەوڵ و کۆششی بکرێ، ئەو ساختەکارییەی کە لە ڕابردوودا دژ بە زمانی کوردی بەڕێوەچووە، لەقاو دەدرێ. لە دەستپێکدا گەرەکە کار لەسەر ئەو بەردنووسانە بکرێ کە لە مێژوودا ماونەتەوە، بەوهۆیەوە ڕاستییەکان خۆیا دەبن و کوردیش دەتوانێ خاوەندارێتی لە مێژووی زمانەکەی

.....

خۆیـــدا بکـــات، کە لەلایەن دیتـــرانەوە بە زۆرەکـــی دەســـتی بەسەرداگیراوە.

مـــن بەڵێـــنم بە ویژدانـــی خـــۆم داوە، ئەوەی لەم بـــوارەدا لەتوانامـــدا هەبـــێ، دریغـــی نەکەم، هەرچەنـــدە دەزانـــم وەدرەنـــگ کەوتـــووە، خـــۆزگە ســـی ســـاڵ لەمەوبەر دەســـتمپێکردبا، هەربـــۆیە هیواخـــوازم کە گەنـــج و لاوانـــی دڵســـۆز شـــان وەبەر ئەو بـــارە گـــرانە بـــدەن، بـــۆ ســـاغکردنەوەی وشـــە دێرینەکـــان هەنگـــاوی کردەیـــی هەڵبگـــرنەوە. ســـەرەتا خۆیـــان فێـــری ئابیەکـــانی ئاڤێســـتایی، ساســـانی، ئەشـــکانی و مـــانی بـــکەن، دواتـــر بە ئـــارامی ئەو بەردنـــووس و دەقـــانە بخـــوێننەوە کە بە نـــارێکی و مەیلـــداری لەلایەن دیتـــرانەوە شـــرۆڤەیان بـــۆ کـــراو، چـــونکە مـــن لەوە دڵنیـــام کە زمـــانی کـــوردی و بەلـــوچی بـــۆ خاوەنـــداریێتی کـــردن لە زمـــانی پەهلەوی و ئاڤێستایی، لەوانەی دیکە مافدارترن.

پێچـــنەی شـــۆڕبوونەوەی زمانەکەمـــان بەم شـــێوەیە خـــۆی دەنوێنێ:

مادی ◄—— ئاڤێستایی ◄—— پەهلەوی ◄—— کوردی

پیتەکانی ئابێی ئاڤێستایی و پەهلەوی

ئـــابێی ئاڤێســـتایی لە ٤٨ پیـــت پێکهـــاتووە، کێشـــە لە خوێندنەوەیانـــدا نیـــیە و بە ئاســـانی دەخوێنـــدرێنەوە، چـــوونکە بەیەکەوە نالکێن، کە بەم شێوە تۆمارکراون.

ئە، ە، ـە	و	ک ، ک
ئا، ا	𐬌	گ ، گ
ب ، ب	𐬎	ل ، ل
پ ، پ	𐬏	م ، م
ت ، ت	𐬐	ن ، ن
ج ، ج	𐬑	و
چ ، چ	𐬒	ۆ
ح ، ح	𐬓	وو
خ ، خ	𐬔	ھ
د	𐬕	ی ، ی
ر	𐬖	ێ
ز	𐬗	ێ
ژ	𐬘	ئۆ
س ، س	𐬙	ئو
ش ، ش	𐬚	ئێ
غ ، غ	𐬛	ێ
ف ، ف	𐬜	ئی
ڤ ، ڤ	𐬝	ان

دد	یی		نان
	ش		ث، ژ
	ئاو		و (لە سەرەتا)
	خو		ئەنک
	ذ	دد	یی

ڕاستییەکەی کێشەی خوێندنەوە لە ئابێی پەهلەوی ساسانیدا هەیە، چونکە لە لایەکەوە چڕکراوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێک لە پیتەکان بەیەکەوە دەلکێن، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەردنووسەکانیان پێنووسراوە و لەسەر دراوەکاندا تۆمار کراون، بۆ چەندین پیت، تەنیا یەکوێنەیان بۆ دانراوە، بەوەڕیەوە خوێندنەوەی وشەکان ئاڵۆزی و تێکچڕژاوییان دروست کردووە، دەکرێ بەشێوەی جۆراوجۆر بخوێندرێتەوە و وێنای جیاوازیان بۆ بکری؛ وێڕای ئەوانەشەوە خوێندنەوەی وشەکان هێندە پڕ لە ئاستەنگ نین و کە لەتوانا بەدەربن، ئەگەر وردبینییان تێدابکرێ، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە زمانەکانی کوردی، فارسی، فارسی دەری و بەلوچی دەزانن بەئاسانی دێنەدەست. ڕاستییەکەی لە ڕێنووسی ساسانیدا بۆ کورتکردنەوە شێوازێکی سەیر پێڕۆکراوە، دەگوترێ کە پیتەکان دوو دەنگیان لەخۆ گرتووە، وەک (ئە، بە، پە، تە، جە، چە، خە، هە، دە، رە، زە، کە، گە، وە، یە، سە، شە ...) لێرەدا پیتەکانی ئابێی پەهلەوی دەخەینە بەرچاوان.

	ئه، هـ ، خـ (خ) ، حـ (ح) ، عـ(ع)
	بـ (ب)
	پـ (پ)، فـ (ف)
	تـ (ت)
	د ، جـ(ج)، یـ (ی) ، گـ (گ)
	و ، نـ (ن)، قـ (ق)
	ز ، ژ
	کـ (ک)
	غـ (غ)، قـ (ق)
	ر، ڕ ، لـ (ل)
	مـ (م)
	سـ (س)
	شـ (ش)
	چـ (چ)

.....

لەسالانی کۆتایی دەستەڵاتی ساسانییەکاندا، هەندێ وردەکاری زیاتر بۆ پیتەکان کراوە، دەتواندرێ بەم شێوەیە دەکار بکرێن.

ا ئە، ئا، ا	س - س - ل - لا	ا ا ۆ
ب - ب	ش - ش	ه ه
پ - پ	غ - غ	ی ی - ی
ت - ت	ف - ف	ێ ێ ، ێ
ج - ج	ڤ - ڤ	
چ - چ	ق - ق	ذ ذ
ح - ح	ک - ک	ڕ ڕ
خ - خ	گ - گ	ع ع - ع
د د	ل - ل	ڵ ڵ
ر ر	م - م	
ز ز	ن - ن	
ژ ژ	و و	

خوێندنەوەی دەق و بەردنووسە میژوویییەکان پێویستییان بە شارەزایی لە نووسین و پیتە ڕێبەرەکاندا هەیە، چونکە لە ئابێی پەهلەوی ساسانیدا ئەو پیتانەی کە خۆیان بە ڕێبەر دەزانن و پشتی پیتی دوای خۆیانەوە ناگرن، بریتین لە: (**ب، پ، ت، چ، ف، غ، ق، ک، ن، و، ڤ**)، کەچی لە ئابێی ئێستاماندا پیتەکانی (**ا، د، ر، ڕ، ز، ژ، و، ۆ، وو، ه**)خۆیان بە ڕێبەر دەزانن و پشتی پیتی دوای خۆیانەوە ناگرن. دەنا پیتەکانی دیکە زۆر بە ئاسانی بە شێوازی جوانکارییەوە بە پیتی دوای خۆیانەوە دەلکێن، بەوهۆیەشەوە خوێندنەوەی وشەکان وەئاستەنگ دەکەون بە قورسی خۆیان ڕادەست دەکەن.

خوێندنەوەی ئاسان و بێگرێ

ئەم وشانەی کە وەک نموونە هێنراونەتەوە، هەرچەندە بە ئاببێی پەهلەوی ساسانی نووسراون، بەڵام کتومت وەک ئێستای کوردی دەخوێندرێنەوە و هەمان واتاشیان هەیە، بەڵام لە فارسیدا خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە.

پیل: فیل

مار: مار

کارت: کێرد

هالوک: هەڵوژە

مستۆک: مەست

نمێچ: نمێژ، نوێژ

داناک: دانا

ئامۆچکار: ئامۆژگار

فرۆش: فرۆش

گوفتار(گوپتار): گوفتار

باریک: باریک

پاتیچ: پاییز

جیاوازی لە خوێندنەوەی وشەکانی پەهلەویدا

1 - هێمای هاوبەش لەنێوان چەندین پیتدا:

بەهۆی یەکهێمایی (یەکوێنەیی) لەنێوان پیتەکانی 'ئ، هـ، خ، ح، ع'دا، دەکرێ ئەم وشەیە بە: [ئوشتران، هوشتران، حوشتران] بخوێندرێتەوە. بەوهۆیەشەوە ئێستا لە زمانی کوردیدا بە حوشتر گۆ دەکرێ.

دەتواندرێ ئەم وشەیە بە: 'ئەوبەش، هەوبەش، خەوبەش، حەوبەش، عەوبەش' بخوێندرێتەوە، ئەوان بە ئەڤیش وێنایان کردووە و واتای (بەدڤ)یان بۆ داناوە کە دەکاتە سەرەتا، دەستپێک، بەڵام من پێموایە هەر وشەی 'هاوبەش'ی کوردییە.

دەتواندرێ ئەم وشەیە بە 'ئەنبار، هەنبار، خەنبار، حەمبار، عەمبار' بخوێندریتەوە. ئێستا لە زمانی کوردی بە عەمبار گۆ دەکرێ.

دەکرێ ئەم وشەیە بە 'پێهـ ، پاهـ' هەروەها بە ' پەیا، پەدا، پەها' بخوێندرێتەوە. فارسەکان بە 'پاه' دەیخوێننەوە و منێکی کوردیش دەتوانم بە پێهـ (پێ) بیخوێنمەوە کە هەردوو جۆرە خوێندنەوەکە هاوواتان.

ئەم وشەیە لە پیتەکانی 'پ، د، ا، ن' پێکهاتووە، دەتواندرێ بە 'پەدان' بخوێندرێتەوە، کەچی ئەوان بە 'پیدان' لێکیانداوەتەوە و واتای

خۆراکیان بۆ داناوە، کەچی پەدان لە کوردیش واتای بەدان دەدات کە لەگەڵ دانەوێلە هاوواتایە.

2- چاوپۆشینی بەخۆڕایی لەهەندێ پیت:

ئەم وشەیە لە سێ پیت پێکهاتووە، دەکرێ بە (هتو، هەتەن، ختو، خەتەن، حتو، حەتەن) بخوێندرێنتەوە، بەڵام 'مهرداد بهار' بە 'ئەگەر' پێشانی داوە، ئەمە لە کاتێکدایە پیتی 'گ' و'ر'ی تێدانییە.

جیاوازی خوێندنەوە لە پیتە هاووێنەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام مخابن زۆربەی زۆری ئەو ئێرانیانەی کاریان لەسەر دەقە دێرینەکاندا کردوە، گوێیان بە وێنەی پیتەکان نەداوە، تەنیا مەبەستیان ئەوە بووە کە بەهەر شێوەیەک بێ، لە هەگبەی زمانی فارسی بپەستن، دەنا زۆر باش دەزانن کە وێنەی پیتی 'ت' و 'د' زۆر لە یەکتر جیاوازن، کەچی چاوپۆشیان کردوە، هەروەها وێنەی پیتی 'چ' و ' ز' لەیەکتر جیاوازن، وێنەی پیتی 'و' زۆر لە 'ر' جیاوازە، وێنەی پیتی 'پ' و 'ز' دیسانەوە لەیەکتری جیاوازن، کەچی ئەوانەشیان پێشێل کردووە و بە ڕوبەی تەقتەقیان پێواوە. وەک ئاشکرایە کە هەرگیز جێی پەسند نیە پیتێک بە دوو وێنەی جیاواز لە یەک دێردا بنووسرێ، ئەوان ئەو یاسایەشیان لەژێر پێناوەو کوتک و سنگی دایانکوتاوە. لەلایەکی دیکە بە پاساوی زێدەبوون و دانانی پیت بۆ بێدەنگکردنی وشە، وێنەی پیتی 'ن' و 'و'یان لە کۆتایی وشەگەلێکدا نەخوێندۆتەوە.

3- خوێندنەوەی هەڵە و وێناکردنی مەیلدار.

ئەم وشـــــەیە لە پیتەکـــــانی 'ک، و، ت، و، ن' پێکهـــاتووە، دەکـــرێ بە 'کوتـــون' بخوێنـــدرێتەوە، بەڵام چـــونکە هێمـــای هاوبەشـــی نێـــوان 'و، ن' پـــێکەوە لە کۆتـــایی وشـــەکەدا هـــاتوون، دەکـــرێ بە 'ۆ' وێنـــا بکـــرێ و بە 'کوتـــۆ' بخوێنـــدرێتەوە، کەچـــی ئەوان بە 'کەردەن' دەیخـــوێننەوە، تەنیـــا ئامانجیشـــیان ئەوەیە کە لە فارســـی نزیکـــی بـــکەنەوە. واتە حەز دەکەن کە وشە وابێ و وا بخوێندرێتەوە.

 ئەم وشـــەیە لە پیتەکـــانی 'هـــ، م، د، ا، و، ا' پێکهـــاتووە، دەکـــرێ بە 'هەمـــداوا' بخوێنـــدرێتەوە. ئەوڕوپیەکـــان بە 'هەمـــدینە' لێکیـــان داوەتەوە، بەڵام 'مهـــردادێ بەهـــار' بە هەمدادســـتان وێنـــای کـــردووە، خـــۆ ئەگەر بە 'هەمســـوا' و 'هەمســـوە' بیخوێنـــدبایەوە، هێشـــتا وردە ڕەوایەتـــی پێـــدەدرا و دەگـــوترا کە ئەو بە وشـــەکانی 'هـــ، م، س، و، ا' وێنـــای کـــردووە، بەڵام بەهـــیچ شـــێوەیەک نـــاکرێ بە هەمدادســـتان هەمداســـتان بخوێندرێتەوە.

.....

خوێندنەوەی وشەی جۆراوجۆر

مخابن هەموو ئەوانەی کە دەقە پەهلەویەکانیان خوێندۆتەوە خەڵکی ئەورووپی بوون و شارەزاییان لە زمان و زاراوەکانی کوردی نەبووە و پشتیان بە زمانی فارسی و فەرهەنگی فارسی بەستووە، ئەوانەی دیکەش یان فارس بوون، یان لەلایەن فارسەکانەوە ڕاسپێردراون و دەمیان چەور کراوە، هەربۆیە بۆ بەرژەوەندی ئەوان تێکۆشاون، یان ڕاستیەکانیان لەژێر پێناوە یان بەسەریاندا بازیان داوەو چاویان لێداخستوون. بۆیە لێرەدا هەندێک وشە وەک مشتێک لە خەراوڕێک بەنمونە دەهێنمەوە کە چۆن بە هەڵە و نادروستی خوێندراونەتەوە، یان هەر لەخۆڕاوە وێنا کراوە.

وشەکە لە چوار پیتی 'د، ر، ێ، چ' پێکهاتووەو بە **درێچ** دەخوێندرێتەوە، بەهۆی گۆڕینی پیتی 'چ' بۆ 'ژ' ئێستا لەنێو زمانی کوردیدا بووە بە **درێژ**؛ کەچی ساموئیل نیباری بە پشت بەستن بە زمانی فارسی ئەم وشەیەی بە **دەراز** خوێندۆتەوە و هەموو زمانزانانی ئێرانیش هەر بە دەراز ناسیویانە و هەوڵیانداوە کە نزیکایەتی پەهلەوی و فارسی پێشانبدەن.

وشەکە لە شەش پیتی 'د، ر، ێ، چ، ت، ر) پێکهاتووە و بە **درێچتر** دەخوێندرێتەوە، ئێستا وشەکە لە کوردی بە **درێژتر** دەکار دەهێندرێ، کەچی لەخۆراوە ئەم

.....

وشـــەیە کـــراوە بە 'دەرازتەر'؛ ئەمەش هەڵەیەکـــی ئاشـــکرا و ستەمێکی نەبەخشراوە.

لە پیتەکـــانی 'د، ر، ۆ، چ، ن' پێکهـــاتووە و بە درۆچـــن دەخوێنـــدرێتەوە، ئێســـتا لە کـــوردی بـــووە بە درۆزن، کەچـــی ئەوان بە درۆغـــزەن و درۆزەن دەیخوێننەوە.



لە پیتەکـــانی 'ن، و، س، ت، و، ن' پێکهـــاتووە و بە نوســـتون دەخوێنـــدرێتەوە کەچـــی ئەوان بە نقستەن دەیخوێننەوە.

لە پیتەکـــانی 'ن، و، ت، ر' پێکهـــاتووە و بە نـــوتر دەخوێنـــدرێتەوە، واتـــای نـــوێتر و تـــازەتر دەدا، ڕاســـتییەکەی هەتـــا ئێســـتا لە هەولێـــر لە جیـــاتی نـــوێتر، دەگـــوترێ نـــوتر، کەچـــی ئەوان بە نەوتەر تۆماریـــان کردووە.



لە دوو پیتـــــی 'و، س' پێکهـــــاتووە و بە وس دەخوێنـــدرێتەوە و هەتـــا ئێســـتاش هەر وەک خـــۆی لە زمـــانی کوردیـــدا مـــاوەتەوە، کەچـــی ئێرانیەکان و ئەورۆپییەکان بە ڤەس دەیخوێننەوە.

لە ســـێ پیتـــی 'پ، ت، ر' پێکهـــاتووە و بە پتـــر دەخوێنـــدرێتەوە، هەتـــا ئێســـتاش لەنێـــو زمـــانی کوردیـــدا وەک خـــۆی جێـــوارە، کەچـــی ســـاموئیل نیبـــاری بە پیتەر تۆماری کردووە. نووسیویەتی : pitar

.....

لە سێ پیتی 'ت، ا، م' پێکهاتووە و بە تام دەخوێندرێتەوە، هەتا ئێستاش بە هەمان واتا لە زمانی کوردیدا دەکار دەکرێ، کەچی ئەوان بە 'تەهم' تۆماریان کردووە.

لە سێ پیتی 'ت، ر، س' پێکهاتووە و بە ترس دەخوێندرێتەوە، هەتا ئێستاش وەک خۆی لە کوردیدا ماوەتەوە، کەچی ئەوان بە **تەرس** پێشانیان داوە.

ئەم وشەیە لە پیتەکانی 'خ، و، ژ،ێ، ر،ی،ن' پێکهاتووە و بە خوێندرێتەوە، کە واتای خۆر بەرەو ژێر دەڕوات، کەچی ئەوان بە ئوزایرین تۆماریان کردووە و بە واتای 'مینوی خۆرئاوابوون' لێکیان داوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ وشەکەدا یەکناگرێتەوە.

ئەم وشەیە لە پیتەکانی 'خ، و، د، ێ، ن، ا، ن' پێکهاتووە و بە خودینان دەخوێندرێتەوە، واتای خۆشدینان دەدات، کەچی بە رودینان تۆماریان کردووە کە واتای زەردەشتیان دەدات.

لە پیتەکانی 'ی، ه، س، ێ، ن' پێکهاتووە و بە یەسین دەخوێندرێتەوە کەچی ئەوان بە یەزدان دەیخوێننەوە. هەڵبەت وشەی یەسین واتای گەورە و مەزن دەدات و ئێستاش لەنێو زمانی

.....

کوردیـــدا هەر بەکـــار دەهێنـــدرێ، لەوانەیە وشـــەی 'یاســـین'ی عەرەبیـــیش لەم وشـــەیەوە وەرگیرابـــێ. ئەمە لەکاتێکـــدایە کە لە شـــوێنی دیـــکەدا ئەم وشـــەیە بە یەزدان خوێنـــدراوەتەوە و زۆریـــش ڕاســـتە. ئەوەتـــا لە پیتەکـــانی 'ی، ز، د، ا، ن) پێکهاتووە و بە 'یزدان' یان یەزدان دەخوێندرێتەوە.



ئەم وشـــەیە دەگـــمەنە و لە پازەنـــد هـــاتووە، لە پیتەکـــانی 'س، ا، ڵ' پێکهـــاتووە و دەکـــرێ بە ســـاڵ بخوێنـــدرێتەوە، بەڵام ئەوان بە ســـاڵ تۆماریـــان کـــردووە؛ هەرچەنـــدە کە لە دەق و نووســـراوەکانی پەهلەویـــدا بە دەگـــمەن پیتـــی 'ڵ' بەرچـــاو دەکەوێ، بەڵام لە کوردیـــدا هەیە، لە شـــوێنێکی دیـــکەی پازەنـــد دا، وشـــەی ســـاڵان



تۆمـــار کـــراوە کە دەتـــوانین هەر بە ســـاڵان بیخـــوێنینەوە و ئەوانـــیش هەر بەســـاڵان تۆماریان کردووە.



ئەم وشـــەیە لە پیتەکـــانی 'د، ا، ت، و، ن، ت، و، ن' یـــان لە پیتەکـــانی 'د، یـــ، ت، ۆ،ت، ۆ' پێکهـــاتووە، واتە دەکـــرێ بە داتونتـــون و 'دێتۆتـــۆ' بخوێنـــدرێتەوە، بەڵام چـــونکە پـــێش ئەوەی خـــاڵ لەســـەر پیـــت دابنـــدرێ، وێـــنەی پیتـــی 'د، گ، ی، ج' وەک یەکبـــوونە، بـــۆیە دەکـــرێ بە گـــاتونتون، یـــاتونتون و جـــاتونتون بخوێنـــدرێتەوە، بەڵام ئەوان بە ' آمـــدن'(ئامەدەن) ناودێریـــان کـــردووە کە واتـــای هـــاتن و هـــاتوون دەدا، خـــۆ دەکـــرێ

.....

بە 'دێتۆتـــۆ' و 'هـــاتۆتۆ' بخوێنـــدرێتەوە کە زۆر لە واتـــاکەی نزیکتـــرەو ئێســـتا لە نـــاوچەی ســـنە هـــاتۆتۆ بەواتـــای هـــاتۆتەوە دەکاردەکرێ.



ئەم ڕســـــــتەیە لە وشـــەکانی 'پـــۆ+ شـــــــــمە+ ی+ یەســـین' پێکهـــاتووە، کەچـــی فارســـەکان بە 'پەت نـــامێ یەزدان' دەیخـــوێنەوە، ئەمە لەکاتێکـــدایە کە پیـــت خوێنـــدنەوەی ئەم ڕســـتەیە لەلایەن ئەوڕوپاییەکـــان بەشـــێوەی(پ، و، ن،/ ش، م/ ی/، ی، س، د، ن) تۆمـــار کـــراوە، دەکـــرێ بە شـــێوەی (پـــۆ شمەی یەسن) بیخوێنینەوە. من پێموایە:

پۆ(پەنەو)= بۆ

شمەی= تۆی

یەسین= یەزن، مەزن

.....

بەراوردی کوتە دەقی دێرین

یەکەم: کارنامەکەی ئەردەشێری پاپەکان.

لە دەستپێکی کارنامەکەی ئەردەشێری پاپەکاندا ئەم دوو دێڕە بەم شێوەیە نووسراون:



هێنریک سامۆئیل نیبارى بەم شێوەیە پیتنووسی کردووە و دەیخوێنێتەوە:

واتە ئەو نووسیویەتی:

k'ln'mk' zy. 'lthšdl zy p'pk'n'.
kār-nāmak i Artaxšēr i Pāpakān.

PWN šm zy d't'l 'whrmzd zy l'd'wmnd zy GDH-'wmnd.
pat nām i dātār Ohurmazd i rāyōmand i x^{w}arrahōmand.

1 - کارنامەک ی ئەرتەخشێر ی پاپەکان.
2 - پەت نامی داتار ئۆهورمەزدی رایۆنمەندی خەڕەهۆمەند.

بەڵام مەحەمەد جەواد مەشکور کە پرۆفیسێۆری زانکۆی تەوریێز بووە، بەم شێوەیەی تۆمار کردووە:

1 - کارنامە ارتخشیر بابکان

2 - بنام دادار هرمزد فروغمند فرمند.

بنام دادار هرمزد فروغمند فرمند

کەچی من بەم شێوەیەی دەیخوێنمەوە:

1 - کارنامەکوی ئەردەشێری پاپەکانۆ.

2 - پەنەو(پۆ) شمەی داتاری هوهومەی ڕادانمەندی گەدموانمەند.

لێرەدا دەبێ بپرسین کە ئایا جیاوازی خوێندنەوە لە تەنیا دوو دێڕی سەرەتای ئەم دەقە چیمان بۆ ئاشکرا دەکات؟ من پێموایە ساموئیل نیبیاری زمانی کوردی نەزانیوە و پشتی بە فەرهەنگ و کۆمەکی فارسی زمانان بەستوە، ئەوانیش لەبەرژەوەندی خۆیان ڕێنوێنیان کردووە. ڕەخنەیەکی دیکەش ئەوەیە لە خۆڕاوە پیتی 'و'ی کۆتایی 'کارنامەک' و 'پاپەکان'ی لاداوە، کەگوایە بۆ بێدەنگکردن دانراوە، بەڵام لەخۆی نەپرسیوە کەبۆچی بۆ بێدەنگکرن هەمان وێنە لەکۆتایی وشەکانی 'داتار' و 'ڕادمەند' و 'گەدموانمەند' دانەنراوە؟

دووەم: هەندەرچی خوسرۆی ئەنۆشیروان.

دەستپێکی دەقەکەدا ئاوا نووسراوە:



فەرهاد نیلۆفەر لە ئاموزشی خەتی پەهلەویدا ئەم دوو دێرەی بەم شێوەیە وێنای کردووە:

.....

1 - پەد نام ی یەزدان جەدەگ ی نێک.
2 - هەندەرز ی هوسرەو ی کەوادان.

کە کردوویەتی بە فارسی بووە بە: **[بەنامێ یەزدانێ نیک سرشت. ئەندەرزی خەسرەوی قوبادان]**.

ڕاستییەکەی کە من پێتنووسی دەکەم، ئەم دوو دێڕە بەم شێوەیە دەخوێنمەوە:

1 - پۆ شمەی یەسینی تەک وێنەک
2 - هەندەرچی خوسرۆی کواتان.

کە لە ئێستای زمانی کوردی دەبێ بە: **[بۆ تۆی مەزنی تاک وێنە]**.

ئەگەر ئەم دێرە وەربگرین، دەردەکەوێ کە زۆر لە کوردی نزیکە و فارسییەکە داتاشینە.

سێیەم: چەند وتەیەک لە 'ئازەر فەڕەنبەغ فەروخزادان'ەوە

ئەم دێرە لەلایەن جاماسب جی دەستور منوچەهر بەم شێوەیە خوێندراوەتەوە:

سەخوان ئێو چەند ئادور فەڕۆباگ فەڕووزدان گوفت.

سەعیدی عوریان بەم شێوەیە داینناوە:

یک چند سخن آذر فربغ فرخزادان گفت.

من ئاوا لێکی دەدەمەوە:

گسان ئێوچەند ئاتۆپەروبا پەڕانزاتان گوپت.

بـا ئەم دێـڕە نووسـینە وەربگـرین و پیـت بە پیـت بیخـوێنینەوە و لێکیبدەینەوە.



لەم دێڕەشـــدا دەردەکەوێ کە وێـــنەی پیتـــی 'و' لەکۆتـــایی ستایشـــن هەیە، بەڵام لە کۆتـــایی وشـــەکانی 'داتـــار' و 'ڕات' و 'ڕاســـت' نیـــیە، کەواتە ئەم پیـــتە بـــۆ بێـــدەنگکردن نەنووســـراوە. ئەگەر وردبینـــانە ئەم دێـــرە بخـــوێنینەوە، بەم شـــێوەیە دێـــتە دەست: **ستایشنوی داتاری ڕاتی ڕاست.**

زمانی کوردی و زەردەشتیانی کرمان و یەزد

ئاشکرایە کە زەردەشتیانی ئێستا، نەوەی ئەو زەردەشتیانەن کە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هاتنی ئیسلام، ئەوان بەرگری و پێداگرییان کرد و دینی خۆیان نەگۆڕی؛ بۆ پاراستنی دینەکەیان قوربانی زۆریان دا، تەنانەت لە زێد و نیشتمانی خۆیاندا ناچارکران کە باج و سەرانەی ئایینی بدەن. سواربوونی ئەسپیان لێقەدەغەکرابوو، نەدەبوایە خانووی ئەوان لە هی موسڵمانان خۆشتر و بەرزتربێ، ئەوان بەرگەی ئەو گوشارە ئابوورییە و سووکایەتی پێکردنەیان دەگرت و پێبەندبوونی خۆیان بە دین و پەڕتووکی خۆیان دووپات دەکردەوە. ڕاستییەکەی تا سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ناسرەدین شای قاجار، بەزۆرەملێ باج و سەرانەی ئایینیان لێوەردەگیرا؛ بەڵام لە دەیەی شەشتی هەزار و هەشت سەتی زایینیدا ئازاد کران و باجیان لەسەر هەڵگیرا، هەروەها لە سەردەمی ئینقلابی مەشروتەدا و لەساڵی ١٩٠٥ی زایینی بڕیاردرا کە زەردەشتیەکان نوێنەریان لە ئەنجوومەنی شواری ئێرانـدا هەبێ؛ دواتر لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەویدا مافی نۆژەنکردنەوە و کردنەوەی پەرستگە و ئاتەشکەدەکانیان پێدرا. بەو چەند دێڕە نووسینە ئاشکرا دەبێ کە بە دریژایی ١٣٠٠ ساڵ تەمەن چ ستەمێک لە زەردەشتیانی کرمان و یەزد و زمانەکەیان کراوە. زمانی ئەوان بە زمانی بەهدینان ناودێرکراوە، هەرچەندە فارسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زاراوەیەکی فارسی دێرینە، بەڵام ئەگەر وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، دەردەکەوێ کە هەتا

ئێستاش نزیکایەتی یەکجار زۆرتری لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە تا فارسی. بۆ ئەم مەبەستە با ئەم وشانە تۆمار بکەین: [ئاو؛ ڕۆژ؛ ئەمڕۆژ؛ ئەور(هەور)؛ ئەوسار(هەوسار)؛ هەوشە(حەوشە)؛ بەرز؛ بەرزی؛ پرسە؛ پشگل(پشقل)؛ پێنجی(پێنجی-ب-)؛ پوت؛ پەهلە(پاڵە)؛ تاو(هەتاو)؛ تاوتوو؛ تیژ؛ جەڕە؛ خاڵۆ؛ خەرەند؛ خین(خین-هـ-)؛ درز؛ دز؛ دۆت؛ ڕشک؛ ڕێشمە؛ زوان؛ سەرکوت؛ سەروپۆز؛ مڕ؛ سووک؛ سیخوڕ(ناوی ئاژەلێکە)؛ سیرمە؛ شاترە (جاترە)؛ شەروار(شەروار –هـ-)؛ شەل(شەلە)؛ شێلم؛ شەو؛ شەونم؛ شیڤ؛ قیچ؛ کاوڕ؛ کۆخە(کۆخە-هـ)؛ کۆتر؛ کۆش؛ کۆل(کۆڵ)؛ گێزەر؛ گۆشە؛ گەنم؛ گەنی؛ لێڤ(لێڤ- ب-)؛ لەوەند؛ مات؛ ماچە؛ مەدبەغ؛ مشک؛ مل؛ میراو؛ نزیک؛ نیفێ(نیفۆ-هـ-)؛ وەخت؛ هۆک(هێک-ب-)؛]. بەهۆی ئەو وشە هاوبەشانەوە پەردە لەسەر ڕووی ڕاستییەکی مێژوویی لادەدرێ، چونکە وێڕای ئەوەی کە زیاتر لە هەزار و سێسەد و پەنجا ساڵە ئەوانە لە کورد دابڕاون، واتە تێکەڵاوی و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان زەردەشتیانی یەزد و کرمان لەگەڵ کورددا نەماوە، هەروەها بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە، یەزد و کرمان لە زێدی کوردانەوە دوورن، لەلایەکی دیکەوە ئەمە لە ٨٠٠ ساڵ زیاترە کە فارس لە ئێراندا فەرمانڕەوایە و زمانی فارسی بااڵدەستە و فەرمیە، کەچی بەهۆی پێشێنەی یەکزمانییەوە هەتا ئێستاش وشەگەلێکی هاوبەش لەنێوان زمانی کوردی و زمانی بەهەدینان بەدی دەکرێن؛ ئەمەش وادەخوازێ کە زمانناس و زمانزانان لێکۆلینەوەی وردی لەسەر ئەنجام بدەن.

.....

کورتکردنەوە

لە کۆتـــایی ئەم لێکـــۆڵینەوەیەدا هەر بەســـەرپێیی ژمـــارەیەک وشـــەی پەهـــلەوی دەخەمە بەرچـــاوان کە ئێســـتا بە گۆڕانکـــاری یەکجـــار کەم، لەنێـــو زمـــانی کوردیـــدا جێـــوارن، واتە یـــان پیـــت جێگـــۆڕکێی پێکـــراوە، یـــان پیـــت قرتێنـــدراوە، هەنـــدێکجار پیتـــی دیکەی بۆ زیاد کراوە.

بـــــۆ کـــــورتکردنەوە، دووپـــــاتنەکردنەوەی وشـــــەکان و درێژنەکـــردنەوەی لاپەڕەکـــان، بەم شـــێوەیە ئامـــاژە بە زاراوە و بنزاراوەکانی زمانی کوردی دەدەم.

بادینی	ب
زازاکی	زا
فەیلی	ف
کرمانجی	کر
کەرکووکی	کک
کەلهوڕی	که
لەکی	لک
هۆرامی	هۆ
هەولێری	هـ
سلێمانی	س
موکریانی	م

هاوتاکردنی وشەی کوردی و پەهلەوی

پیتی ئ

ئاب: باب(هـ، ب)، باوک
ئابام، ئاڤام: وام(هۆ، م)، وێندە، قەرز.
ئاپ: ئاو، ئاڤ(ب، کر)
ئاپادانیهـ: ئاوەدانی
ئاپان خوڕە: خوڕەی ئاو
ئاپخان: ئاوخانە، چاڵی ئاو، ساردا‌و
ئاپخۆر: ئاوخۆر، ئاڤخۆر
ئاپریچ: ئاورێژ، ئاڤڕێچ(ب)
ئاپریشم: ئاوریشم
ئاپزەن: ئاوزەن، ئاڤزەن (کر)، مەلەوانی
ئاپسەر: سەرایی ئاو
ئاپوس: ئاوس(هـ، م)، ئاڤس(ب)، دووگیان.
ئاپێسەر: ئەفسەر
ئاپیهـ: ئاوی
ئاترین: ئاگرین
ئاچار: ناچار
ئاخوڕ: ئاخوڕ
ئار، ئارد، ئارت: ئار(ب، کر)، ئارد
ئاراست: ناڕاست
ئاراستەک: ئاراستە
ئارایش: ئارایش

ئاربێل: ئەربیل، هەولێر
ئارغەند: ئەرغەند، ترسناک
ئارەزووک: ئارەزوو
ئارەم، ئارام: ئارام
ئازات، ئازاد: ئازاد
ئازار: ئازار
ئازارتەن، ئازارتان: ئازاردان
ئازمان: ئەزمان(کر)، ئاسمان، عەسمان(ب)، عاسمان(هـ)
ئازمایش: ئازمایش
ئازورتان: ئازاردان
ئازەرۆگ: ئارەزووی گان [کەسێک کە تەنیا بەدوای ڕابواردنەوە بێ]
ئاسان: ئاسان، ساناهـ
ئاسانپای: پێسووک، پێئاسان
ئاسانیهـ: ئاسانی
ئاسای: ئاسوودە
ئاستا، ئاستارک: ئەستێرە، ستێر(ب)، ستێرک(کر).
ئاسمان: ئاسمان
ئاسن: ئاسن، هەسن(کر)
ئاسودەن، ئاسوتەن: ئاسوودە
ئاسیاگ: ئاسیا
ئاسیاو: ئاسیاو (ل، کە)، ئاش.
ئاسیتن، هاسیتن: هاتن
ئاسیم: سیم
ئاش: ئاش (کک)، شلە (خواردن)

.....

ئاشت: ئاشتی
ئاشکاراک: ئاشکرا
ئاشنا: ئاشنا
ئاشناک: ناسراو، ناودار، ئاشناک
ئاشناگ: ئاشنا، ناسیار
ئاشیا: ئاش، شوێنی گەنم هارین.
ئاشیانە: ئاشخانە، ناندین(هـ).
ئافتاپ: ئافتاو، هەتاو
ئاگاس: ئاگا
ئاگاهـ: ئاگا
ئالالەک: ئال(کر)، لا
ئالوتەن: ئالودە، ئاڵوودە.
ئاماتەک: ئامادە
ئاماچ: ئامانچ، ئامانج
ئامار: ئامار
ئامارگر: ئامارگر
ئاماک: ئامارکار
ئامۆچکار، ئامۆژگار: ئامۆژگار
ئامۆژاک: ئامۆژگار، مامۆستا
ئامۆژگاری: ئامۆژگاری
ئامێچ، ئامێز: ئامێز، هامێز
ئاهنگگەر: ئاهەنگێڕ
ئاهەنگ: ئاهەنگ
ئاواز: ئاواز
ئایاتکار: یادگار

ئایاد: یاد
ئایار: یار
ئاییات: یادەوەری
ئستەر: هێستر
ئود: ئو(ب)، و(ئامرازی پەیوەندی)
ئوردەک: وەردەک(ب)، ئۆردەک(کر)، مراوی
ئوزوان: زوان(لەکی)، زمان
ئوستات، ئەوستاد: ئوستاد، مامۆستا
ئوشتر، حوشتر، هوشتر: وشتر، حوشتر
ئوشنۆک: ئەژنۆ، چۆک
ئومێت، ئومید: ئومێد
ئومێتوار: ئومێدەوار
ئۆ: بۆ، لۆ(هـ)
ئۆپەست: پەست
ئۆپەستیەـ: پەستی
ئۆدەک: ئۆدە(هـ)، دەیک و دادێ(ب)، دایکە، دایک، دێ(کر)
ئۆزمون: ئەزموون
ئۆشمار: ژمارە
ئۆشیار: هۆشیار، هوشیار، وشیار
ئێچ، هیێچ: هیچ
ئیچ، ئێش: ئیش(هـ)، کار
ئێزەتی: ئێزدی
ئێـزەگ: ئێزەگ(هــ){قاسکی گیــا، لاســکی گیــا، قەدی نێـوان بــن و گەڵای گیـــا} لە هەولێـــر بە قاســـکی تـــوور دەگـــوترێ ئێـــزەگە توور.

.....

ئێشمون: ئەشمۆ(هـ)، تووڕەوتوند.
ئێژارەک: ئێژارە(ب)، ئێوارە، هێوارە(هـ)
ئێک، ئیوەک: ئێک(ب)، یێک(هـ)، یەک (س، کر)
ئێوارەک: ئاوارە
ئێوەکی: یەکێتی، یەکەتی
ئە: نە (پێشگری نەرێنی لە زمانی پەهلەوی و ئێستا بووە بە نە)
ئەبراز: هەوراز
ئەبزار: ئامراز
ئەبێ: بێ، وەک (بێکەس، بێزار، بێمنەت).
ئەبێبار: بێبەر.
ئەبێبرات: بێبرا
ئەبێبون: بێبن
ئەبێبۆش: بێهۆش
ئەبێبۆغ: بێبۆن
ئەبێبەر: بێبەر
ئەبێپس: بێپس(ب). بێکوڕ (کەسێک کە کوڕی نەبێ و کچی هەبێ).
ئەبێجامەک: بێجامە، بێبەرگ
ئەبێچار: بێچارە
ئەبێچارەک: بێچارە
ئەبێدات: بێداد (نادادپەروەری).
ئەبێڕاس: بێڕێ
ئەبێسووت: بێسوود
ئەبێسووتی: بێسوودی

ئەبێش: بێئێش (بێدەرد)
ئەبێشۆ، ئەپێشۆغ: بێشوو (بێمێرد)
ئەبێگومان: بێگومان
ئەبێمەرت: بێمێرد
ئەبێناز: بێناز
ئەبێهۆش: بێهۆش
ئەبەجەک: نابەجێ.
ئەپاک: ناپاک
ئەپر: ئەور، هەور
ئەپس: بێپس(ب)، بێکۆڕ (بۆ کەسێک دەکار دەکرێ کە کۆڕی نەبێ).
ئەپسوس: ئەفسوس
ئەپوش: پوش، شتی وشک، وشکەساڵی
ئەپێدات: بێداد
ئەپێکار، ئەپیکار: بێکار
ئەپێگومان: بێگومان
ئەپیون: ئەفیون (هەر شتێک کە مرۆڤ بێهۆش بکات)
ئەپەت: ئەبەد
ئەپەتیە: ئەبەدی
ئەپەخشیشن: بێبەخشیش
ئەتەنی: بێتەن (شتێک کە هیچ تەن و قەوارەی نەبێ).
ئەخوەش: ناخۆش، نەخوەش(ب)
ئەخوەن: بێخەو
ئەدانیە: نادانی، نەزانی
ئەدۆست: بێدۆست

ئەدینی: بێدینی
ئەدەرد: بێدەرد
ئەڕاست: ناڕاست
ئەرتەشێر: ئەردەشێر
ئەرتەوان: ئەردەوان
ئەرزان، هەرزان: هەرزان
ئەرزانیھ، هەرزانیھ: هەرزانی
ئەرغەوان: ئەرغەوان، ئەرخەوان
ئەرگ: ئەرک (کاری پێسپێردراو)
ئەرەنگ: بێڕەنگ
ئەز: ئەز(ب)، مـــن (لە ئاڤێســـتا ئەزەم و لە ئەشـــکانی ئەز بەکـــار هاتووە).
ئەزگ: ئێزگ(ب)، ئێزنگ (کر)، داری ئامادە بۆ سووتاندن.
ئەژ: ئەژدھا، ئەژدیھا
ئەسامان: بێسامان (کەسێک کە هیچ سامانی نەبێ).
ئەسپ: ئەسپ، هەسپ
ئەســپبارەک: بــاری ئەســپ (ئەوەی لە ســەر پشــتی ئەســپ بــێ، مرۆڤ یان بار)
ئەسپڕاس: ئەسپەڕێ(ھـ)، ڕێی ئەسپان.
ئەسپەئاپیگ: ئەسپی ئاوی، ئەسپاوی.
ئەستاک: ئەستوونده، ئەستووندەگ
ئەستیتان: هەستانەوە، ڕاپەڕین
ئەستەر، هەستەر: هێستر
ئەسر: ئەسر، ئەسرین
ئەسمان: ئەسمان(زا)، ئاسمان

.....

ئەسوار: سوار
ئەشک: ئەشک
ئەغر، ئاغر: ئاخر، کۆتایی
ئەفراچ: ئەڤراز، هەوراز
ئەفسان: ئەفسانە
ئەفسوس: ئەفسوس
ئەڤدۆمیە: دوماهی(ب)، کۆتایی.
ئەکام: ناکام
ئەکرت: نەکرد، نەکردە
ئەکینە: بێکینە، بێڕق
ئەگەر: ئەگەر
ئەلبورز: ئەلبورز (ناوی کێوێکە) لە ئاڤێستایی گوتراوە 'هەربەریز'، واتە پیتی 'هـ'ی ئاڤێستایی بۆ 'ل' گۆڕاوە.
ئەڵماس، ئەڵماست: ئەڵماس
ئەلوەند: ئەلوەند، ئەڵوەند
ئەماهـ، ئەمەهـ: ئەمە(هـ)، ئەم(ب)، ئێمە(س).
ئەمبەر، عەنبەر: عەنبەر
ئەنبار، هەنبار: ئەنبار، عەمبار
ئەنجام، هەنجام: ئەنجام
ئەنداچەک، هەنداچەک: ئەندازە، هەندازە
ئەندام: ئەندام
ئەنگوست: ئەنگوست(هـ)، پەنجە، تل، تبل.
ئەنگوستپان: ئەنگوستپان(هـ)، پەنجەپان
ئەنگوستەریگ: ئەنگوستیلە(هـ)، گوستیل(کر)، گوستیلک(ب)، مستیلە.

.....

ئەنئاپی: بێئاوی
ئەنئازار: بێئازار
ئەنئومیت: نائومێد
ئەنئەچارەک: ناچار
ئەنیەگ، ئێنیگ: ئەنیە، هەنیە، نێوچەوان
ئەنەغر: ئاخری نییە، بێکۆتایی.
ئەهریمەن: ئەهریمەن (شەیتان)
ئەهلاو: ئەهلەن (دیارە عەرەب ئەم وشەیەی وەرگرتووە)
ئەهونەر: بێهونەر
ئەهۆرایمەزد: ئاهۆرامەزد
ئەور: هەور، عەور
ئەوراز، هەوراز: هەوراز
ئەوراهم، ئەوراهام: ئیبراهیم
ئەوزار: ئەوزار(لەکی)، ئەبزار، ئامراز
ئەوی: ئەو، وی(ب).
ئەوێران: وێران
ئەوێرانیە: وێرانی، وێرانە.
ئەوین، ئەڤین: ئەوین، ئەڤین (ویستی نادیار)
ئەوەر: وەرە، ئاوەرە (لە پەهلەوی ئەشکانی ئەوەر بووە).
ئەی: ئەی، هەی (پێتی بانگکردن، ئامرازی بانگکردن).
نموونە: ئەی خەڵکینە! ئەی کورپنە، ئەی کوردستانیانی هێژا!

پیتی ب

ب، بـــــی: لە دەســـــتپێکی فرمانـــــدا دێ، وەک بخۆ(بیخـــــۆ)، بشۆ(بیشۆ)، بکوژە(بیکوژە).
بابەک: بابە، باو(زا).
بات: با
باچ، باژ: باج
بادەک: بادە (پیاڵەی مەی)
بار: بار
باربورتن: باربردن
باریک: باریک
باریگ: باریک
بارەک: بارگین ،ماین (مائەسپ)
باز: باز (ناوی باڵندەیەکی ڕاوکەرە)، دەگوترێ باز و شەهێن.
باش: باش
باغ: باغ
باغستان: باغستان. دەگوترێ باغ و باغستان
باغەوان: باغەوان
باقۆبەخت: خۆتوبەختت (بەختی داهاتوو)
بالا: باڵا، بالا(ب)
بالیشن: بالیف(هـ)، سەرین، بالگ(ب)
بالین: بالینگان(هـ)، نوێن، جێخەو، پێخەو.
بالەک: بال، باڵ
بان: بان
باهۆن: هۆن (هۆن هۆن دەگرێ)

بپیـــتن: ببیـــتن[له چـــاوگی بـــوون هـــاتووه]، له زمـــانی فارســـیدا بووه به باشەد (باشد).
برات، براد: برا
براتزات: برازا
براتیهـ: براتی(ب)، برایەتی، دۆستایەتی

برادەر: برادەر، هاوڕێ
برۆک، برۆگ: برۆ، ئەبرۆ
بڕیتن، بڕیتەن: بڕین
برین: بڕین
برینج: برنج
برینجێن: برنجی(له برنج دروستکراو).
برە: بەرە، بردن
بوت: بت
بوخور: بخور
بورتن: بردن
بورتەر: براوە
بورز، بورچ: بورج
بورزڤانگ: بەرزەبانگ، بانگی بەرز
بورزۆک: بەرزۆ (ناوی کەس)
بورزیتەن: بڵندکردن، برندکردن(هـ)
بورزێنیتان: بەرزکردنەوە { پلە بەرزکردنەوە}.
بورێتەک: برِاو
بولند: بڵند، برند
بون: بن

بونەک: بنکە (شوێنی جێگیربوونی سەرباز).
بووف: بوم، کوندەبۆ
بۆر: بۆر(هـ، ب)، خۆڵەمێشی
بۆران: بۆران، باوبۆران
بۆغدار: بۆندار
بۆیاک، بۆیاغ: بۆیە، بۆیاغ(هـ)
بۆیدار: بۆندار
بێ: بێ
بێت: بێت [لە چاوگی 'بوون'ەوە هاتووە]، پێویستە مرۆڤ ئازا بێت (بیت).
بیت: بیت، بی، بێت[لە چاوگی بوونەوە هاتووە]. نموونە:
[ئەگەر من خۆم بم، ئەگەر تۆ خۆت بیت، ئەگەر ئەو خۆی بی؛ ئەگەر ئێمە خۆمان بین، ئەگەر ئێوە خۆتان بن، ئەگەر ئەوان خۆیان بن]
بیچەشک: پزیشک
بیچەشکیهـ: پزنیشکی
بیزەشک: برینپێچ، نەشتەرگەر
بێش: ئێش(ب)
بێشێت: بیهێشێنی(هـ) [ئازاری پێبگەیەنێ].
بێگانەک، بێگانیک: بێگانە، بیانی
بیل: بێڵ
بێهەچ: بێهیچ، بەبێ هیچ
بەجەک: بەجێ، لەبار.
بەخت: بەخت
بەخش، بەهر، باگ، بۆزشت، جات، جەتەک، کەرتەک،

.....

بەخشیشن: بەخشیش
بەدەن: بەدەن
بەر: بەر(هـ)، بەرهەم، بەری میوە
بەرزدا: بەرزا(هۆ)، بەرز، بڵند
بەست: بەست
بەستن، بەستەن: بەستن
بەستەک: بەستراوە، دەستبەسەر
بەشن: بەژن(هـ، ب)، باڵا
بەغدات: بەغداد (خواداد).
بەفر: بەفر، بەرف(کر)، وەفر(هۆ، کە)
بەگ، بەگا: بەگ
بەلغەم، بەلقەم: بەڵغەم، بەرغەم(هـ)
بەلووت: بەڕوو، بەڕی
بەنجەک: بەنجکراو
بەند: بەند
بەندەک: بەندە
بەندەکا: بەندە، نۆکەر
بەنگ: بەنج
بەهـ، بیهـ: بەهێ (ناوی میوەیەکە)
بەهار: بەهار، بوار، بهار
بەهان: بەهانە(هـ)، بیانۆ
بەهانەک: بەهانە(هـ)، بیانۆ، بیانوو
بەهرەک: بەهرە
بەهرەمەند: بەهرەمەند
بەهرەوەر: بەهرەوەر

بەهیک: بەهیە(ناوی کچانە)
بەور: بەور
بەیان: بەیان

پیتی پ

پاپەک: بابە، باب، باڤ، باوک، باو(زا).
پاتداشن: پاداشت
پاتشا: پاشا، پادشا
پاتور، چادور: چادر
پاتێچ، پاتیز: پاییز
پاچەن، پاچێن: پێچن، پێکورِە (بوونەوەری بچووک کە بەپێ دەڕوا)
پاداشتنۆمەند: پاداشمەند
پاداشن: پاداشت
پادزەهر: پادزەهر
پادنگان: باینجان، باجان(ب)
پادێز: پاییز
پار: پار (شتی ڕابردوو).
پار، پارسال: پار، پارسال(ب)، پارسالْ، سالّی پار.
پارستۆک: پارێزەر، سەگی پاسەوانی
پارەک: پارچە، پارەپارە، لەت
پارەک: بەش
پازن: پەز(ب)
پاس: پاس. پاسکردن.

پاسپان: پاسەوان
پاسڤان: پاسەوان
پاشنەک، پاشنەگ: پاژنە
پاغ، پای: پێ
پاغەک: پێگە، پایە
پاک: پاک
پاکیتەن، پەکیتن: پێکەوە(هـ)، بەیەکەوە
پاکیزە، پاکیزەک: پاکیزە
پاکێنیتان: پاککردنەوە
پاکیهـ: پاکی، پاکای(زا).
پاگاهـ: پێگەهـ(بادینی)، پێگە، پێگا
پاو: پاک
پایان: پایان، کۆتایی
پایمـــار: پایمـــار (گەڕان و ســـوڕان بە دوای شـــتێک، دامەزرانـــدن و جێبەجێکردنی کارێک)
پستان: پستان، مەمک
پشتەک: پشتەگ، پشت
پلنگ: پلنگ (بادینی)، پڵنگ
پوت: پت
پوختەک گوفتار: پوختەی گوفتار، پوختەی قسە.
پوختەک: پوختە
پوڕ: پڕ(کر)، زۆر. لە سانسکریتی هەر 'پوڕۆ' گوتراوە.
پوڕبۆی: پڕبۆن، بۆنی زۆر
پورسید: پرسی
پوس، پوسەر: پس(کر)، کوڕ

پوسدان: پزدان(هـ)، منداڵدان
پوشت تاک: کۆڵەپشتی
پوشت: پشت
پوشتێ پەناکیە: پشت و پەنا
پوشتیار: پشتیوان
پوشیت: پۆشی (جلەکانی پۆشی)، لەبەریکرد
پوندیک، پوندیق: فندق
پووت: پووت(هـ)، پووچ
پۆچ: پۆز(کر)، لووت
پۆز: پۆز، قەپۆز، چەنە، چەنەگە
پۆزیچن: پۆزش
پۆزیشن: پۆزش
پۆست: پۆست(زا)، پێست
پۆلات: پۆڵا
پیاتەک: پیادە
پیاز: پیاز، پیواز، پیڤاز
پیتاک: پیتاک
پێتامبەر: پێغەمبەر، پەیامبەر
پێچسەر: سەرپێچراو
پێچیتەن: پێچان
پیر: پیر
پیران: پیران(ناوی کەسێکە)
پیرۆچ: پیرۆچ(ڕۆژئاوای کوردستان)، پیرۆز
پێرۆچگەر: پیرۆزکەر
پیس: پیس

پێستوون: بێستوون
پێش: پێش (له پێش دادوەر سوێندی خوارد).
پێشـــاروار: پێشاو(هـــ)، جـــاران له جیـــاتی تەوالیـــت دەگـــوترا پێشاو
پێشتر: پێشتر
پێشکار: پێشکار، خزمەتکار
پێشۆپای: پێشەوا
پێشۆپایی: پێشەوایی
پێشینیکان: پێشینان
پێشینەک: پێشینە
پێشیهـ: پێشـکەوتن (کاتێـک له ڕاکردنـدا یەکێـک پـێش هەمووێـان دەکەوێ).
پێشەککار: پیشەوەر
پێشەک: پیشە
پێک: پەیک
پیل: فیل
پەتدیت: پەدیدە، دیاردە
پەتران: بەتران (لەخۆبایی)، سەرکێش
پەتڤەند: پەیوەند
پەتکەر: پەیکەر
پەتمان: پەیمان
پەتوەست: پەیوەست.
پەتەک: پەتک (ئەوەی ئاژەڵی پێدەبەستریتەوە)
پەحن، پەهن: پەحن (ب)، پان
پەڕ: پەڕ

پەڕاگەندەن: پەڕاگەندە.
پەرتەک: پەردە
پەرچین: پەرچین(ب)، پەرژین
پەرچینەک: پەرژینە، پەرژیندار.
پەردەک: پەردە
پەرزین: پەرژین
پەرستار: پەرستار، پەرستیار
پەڕگەندەک: پەڕگەندە
پەرهاد: فەرهاد
پەروا، پەربا: پەروا
پەرواچ: پەرواز، فڕین
پەڕوار: پەڕدار
پەرویچ: پەروین
پەروەر: پەلەوەر، باڵدار.
پەروەراک: پەروەردگار
پەروەرتەک: پەروەردەکار
پەروەریت: پەروەردە
پەروەریشن: پەروەردەکراو
پەڕۆمەنـــد: پەڕدار، پەڕوەنـــد(ئەو باڵنـــدەیەی کە پەڕ و بـــاڵی هەیە)
پەرێر: پێرێ، پێر(ب)
پەریش: پەرێشان
پەرێشن: پەرێشان
پەریک: پەری
پەریکان: پەریان، پەریەکان

پەڕەندەک: پەڕەندە
پەزەشک، بچشک: پزیشک
پەسند، پەسەند: پەسند
پەسنددیتان: پەسندکردن
پەشمەک: پەشم
پەشیمان: پەشیمان، پەژیوان
پەشێمان: پەشیمان، پەژیوان(هـ).
پەشیمانیهـ: پەشیمانی
پەشەنگ: پێشەنگ
پەلۆگ، پەلەنگ: پڵنگ
پەمپەک: پەمۆ(هـ)، لۆکە
پەمپەکین: پەمپەیی(هـ، ب)، پەمەیی
پەناک، پەناهک: پەنادەر
پەناهـ: پەنا، پەناهـ(ب)
پەنجا: پەنجا، پێنجی(ب)
پەنجەک: پەنجە
پەند: پەند
پەندنامەک: پەندنامە
پەنیر: پەنیر
پەهرێچ، پەهرێز: پارێز (خۆبەدوورگرتن لە شت)
پەیتاک: پەیدا
پەیتام: پەیام
پەیتامبەر: پەیامبەر
پەیتەمبەر: پێغەمبەر، پەیامبەر
پەیداک: پەیدا

پەیک: پەیک
پەیکەر: پەیکەر
پەیگال: پیاڵە، پیارە(هـ)، پەیالە(ب)
پەیوەند: پەیوەند.

پیتی ت

تاپ: تا (گەرمی لەشی مرۆڤ)
تاپەک: تاوە
تاج، تاژ: تاج
تار، تاریک: تاری، تاریک
تازەک: تازە
تاشیتار: تراشراو
تاشیشن: تاشین (ڕیش تاشین، سەرتاشین)
تاڤان: تاوان
تاق: تەک، تاقانە
تام: تام
تاوان: تاوان
تـــر: تـــر، پاشـــگری بەراوردکـــاری. {ترســـناک، ترســـناکتر، ترسناکترین).
ترس: ترس
ترساکەی: ترساو
ترسناک: ترسناک
ترسیا: ترسیا (کە)، ترسا.
ترسێنیتان: ترساندن

تروش: ترش
تریّتە: تاتە
تفت: تفت
توان: توانا
تواناک: توانا
توخم: توخم
تورک، تورگ: تورگ(هـ)، چەقەل
توشت: چشت(هـ)، شت
توشەک: شمەک
توف: تف
تومبەک، تومبەگ: دەمبک، دمبک
توند: توند
توندیهـ: توندی
تووت: توو
توون بون: بنەتوو، داری توو
توون: توون (تووني گەرماو).
تۆخشیتان: تێکۆشان
تۆشن: تۆسن، تووڕەو بێدەنگ، تووڕە و بێدەنگ.
تۆم، تۆهمەک، توخم: تۆو، تۆخم، توخم.
تێژ، تێچ: تیژ
تیژ، تیچ: تیژ
تێژیهـ: تیژی
تیغ: تیغ
تیک: تیغ
تیمار: تیمار

تەتەر: تەتەر(نـــاوی باڵنـــدەیەکی نەخشـــینە و فـــارس پێیـــدەڵێ قرقاول، نیشانە تیژ ڕۆیشتنە)
تەحل، تەهل: تەحل (بادینی)، تاڵ، تار
تەخت: تەخت
تەختەک: تەختەدار (داری پانی بڕدراو)، تەختەی شەترەنج.
تەخل: تەڵخ، تەلخ
تەڕ: تەڕ
تەرازووک، تەرازۆ: تەرازوو
تەڕگ: تەڕک {کابرا لە تەڕکی خۆی هەڵدا و ڕۆیشت}.
تەرگومان: تەرجومان
تەڕۆک: تەڕۆک، تورت.
تەڕەک: تەڕە، تەڕەوتووڵە، کەوەر
تەزرەگ: تەزرە (هـ)، تەرزە
تەشت: تەشت
تەڵەک: تەڵە
تەڵەگ: تەڵە، تەڵە(ب)، تەرە(هـ).
تەمبور: تەمبور، تەنبور
تەمیک: تەم، تاریک
تەن: تەن، جەستە
تەنبەر: تەنبەر (هـ)، تەنبەل (ب)، تەمبەڵ(س)
تەندروست: تەندروست
تەنگ: تەنگ
تەنها: تەنها، تەنیا (شتێک بە تەنیایی بکرێ)
تەنور، تەندور: تەندور، تەندوور
تەهمەک، تەعمەک: تام

پیتی ج

جاتوک: جادوگەر
جاتوکیھ: جادوگەری
جاگا، یاگا: جێگە، یاگە
جام: جام
جامەک: جامە (پەرداغ)
جامەک: جامە (جۆرێک بەرگ)
جان: جان (بادینی)، گیان
جانەوەر: جانەوەر.
جاھـ: جھـ (ب)، جێ(ھـ)، جێگە.
جفت: جفت(کەرکوک و ھـ)، ھەردووک، جووت
جگەر، جەگر: جگەر، جەرگ(ھـ).
جلرا، جلدا: جلد، پێست
جوال: جوال (ب)، جوالّ، جوار(ھـ)
جوال: جوالّ، جوار (ھـ)
جوتن: جوین
جوداک: جودا (ھـ، بادینی)، جیاواز
جوڤان: جوان
جوندی، گوندی: جوندی، سەرباز
جووان: جوان
جۆ: جۆ [ڕوەکێکە و ڕێژەیەکی کەمی کالۆری تێدایە]،
جۆشان: جۆشان
جیگەر: جگەر
جەستەک: جەستە

جەگەر: جەگەر(ب)، جگەر (سل)، جەرگ (هـ)
جەمان، زەمان: زەمان
جەنگ: جەنگ

پیتی چ

چاپوک: چاپوک
چار: چارە
چارپای: چارپایە
چارەک: چارە
چاشت: چێشت(هـ)، تاشت(ب)، نانی بەیانی.
چاشتەک: چێشت
چرای: چرا
چهار: چهار(زا)، چار(هـ، ب)، چوار
چهارپاغ: چارپێ(هـ، ب)، چوارپایە
چۆل: چۆل
چیر، چێر: چیر
چیرکێن: چرکن(هـ)، چلّکن
چیش: ئیش، کار
چیکات: چیا
چیم: چما(کر)، بۆچی
چینار: چینار(کر)، چنار، داری چنار
چینەک: چینە، داوی چنراو.

چیهر، چیتر: چهره، چەهره
چیهل، چهل: چل
چەرپی: چەوری
چەرم: چەرم
چەرمین: چەرمین
چەشم: چیم(زا)، چاو، چاڤ
چەغز: چەرخ، جغز(هـ)، بازنه
چەکوچ: چەکوچ (هـ)، چەکوش
چەمبەر: چەمبەر (هـ)
چەمیشن: چەموش
چەنگ: چەنگ (هـ)، چنگ

پیتی خ

خاک: خاک
خام: خام، خاو
خامۆش: خامۆش
خامەک: خامه، پێنووس
خانمان: خانومان
خانیک: کانیک، کانی
خانەک، خانەگ: خانه
خایەک: خایه(لک)، هێلکه
خڤێت: خوناوی، نەمناک، تەڕوتازه
خو، خۆ: خۆش
خواحل، خوحیل: خوار، لار

خوارتن: خواردن
خوارد: خوارد (کاری ڕابردوو: نەسرین نانی خوارد).
خواردن: خواردن
خواریشن: خۆراک
خواستن: خواستن
خواستەک: خواستەک(ب)، خواستە
خوان: خوان (هـ)، سفرە (ئەو نانە، نانە، ئێستا لەخوانە).
هەروەها وشەی 'خوانچە'ش لەوە دروست کراوە.
خوانتن، خواندن: خواندن(ب)، خیندن (هـ)، خوێندن
خوانم: خەون
خوتای: خودا (هـ)، خوا
خوجستان: خوزستان
خودای: خوەدی(ب)، خاوەن
خودینان: خۆشدینان، چاکدینان.
خورشیت: خورشید، قورشید(هـ)
خورما، خورمەک: خورما
خورماک: دارخورما
خورەهـ: خورە
خوست: خوست(هـ)، دەگوترێ هەست و خوستی نەبوو.
خوسرۆ: خوسرۆ، خەسرۆ (ناوی پیاوانە)
خوفتن: خوفتن(کەلهورِی)، خەوتن، نووستن(هـ)، نقستن(ب)
خوفن: خەون
خومبەک: دەخمەک{ ئەو کوپەیەی کە مردووی تێدا دەنێژرا).
خون، خۆن: خون (کۆیە)، خین(هـ+ ب)، خوێن
خووبەخت: خۆشبەخت

خووڤیر: خۆشبیر {کەسێک کە یادەوەریەکانی لەبیر بێ).
خووکرت: خۆشکرد.
خویار: خیار
خوید: خویھ(ب) خوێی، ئارەقە
خوێشکاریھ: خۆکاری.
خوێشکارەک: خۆکار، بەخۆی کار دەکا.
خوێشکارەک: خۆکار، خۆی کار دەکا.
خویک: ئاوی دەم، خویک، تف
خوێی: خوێی، ئارەقە
خوەدات: خوەدا(ب)، خۆئافەرین.
خوەدای: خوەدی(ب)، خاوەن.
خوەرشێت: خورشید، قورشید(ھ)
خوەروەران: خۆروەران، خاوەر، ڕۆژئاوابوون.
خوەستن: خستن
خوەش: خوەش(ب)، خۆش
خۆبۆغ: خۆشبۆن
خۆبۆی: خۆشبۆن (بۆنخۆش).
خۆبۆیتر: بۆنخۆشتر.
خۆت: خود، خۆ، خوە(کر)
خۆر: خۆر، هەتاو، خورشید
خۆراسان: خۆراسان (خۆر+ڕاسان)
خۆرسەند، خۆشنووت: خۆشحاڵ، خۆشحال
خۆنسەرت: خونسار(ب)، خوێنسارد
خۆنسەند: خۆپەسند، ڕازی
خیشت: خشت

خێشم، خیشم، هێشم: خەشم، تورەیی
خێم: خوو.
خەر: کەر
خەراج: خەراج، مالّیات
خەراچ: خەراج
خەست: خەست. خەستخانە لەوە دروستکراوە.
خەفتار، گفتار، گوفتار: گفتار، گوفتار
خەفەک: خەفە (بێدەنگ کردن، خنکاندن، کوژانەوە)
خەندەک: خەندە
خەندەک، خەندەغ: خەندەق

پیتی د

داتار: دادار
داتاریھ: داداری
داتکەر: دادگەر
داتوەر: دادوەر
داتەک: دادە
دار: دار
داراک: دارا
داربون: بنەدار (ھـ)
دارێن: دارین
دارین: دارین (شتێک لەدار بێ)
داغ: داغ

دالمان: دالّ
دان: دان(هـ)، دانه. دەنگی دانەوێڵە.
داناک، داناگ: دانا
داناکۆمەند: دانامەند
داناکی: دانایی
دانگ: دانگ(شەش یەکی شتێک).
دانەک: دانه، قل، دەنک
داوەر: داوەر
دایەک،دایەگ، دایک، دایگ: دایان، پەرستاری مندالّ.
دایەکیهـ، دایەگیهـ: دایانی، بەخێوکەر و شیرپێدەری مندالّ.
دراژ، دریچ: دریژ
دروت، درود: درود، سڵاو
دروست: دروست
دروستیهـ: دروستی
دروشم: دروشم، نیشانه
دروو، درۆ، درۆچ: درۆ
درۆجەن، درۆچن: درۆزن
درۆڤ،درۆغ، درۆژ، درۆ: درۆ
دریچ: دریژ
دریچتر: دریژتر
دریغوش، دریژوش، دریگووش، دریگوش: دەرویش
دره‌خت: دره‌خت
دژوار: دژوار (له پەهـــلەوی ئەشـــکانی هـــاتووه و وەک خـــۆی ماوەتەوە).
دل: دل(ب)، دڵ، در(هـ)

دلسۆزچەک: دلسۆزی(ب)، دڵسۆزی
دلیر، دیلێر: دلێر
دنتان: ددان
دوازدەھـ: دوازدە(ھـ+ ب)، دوانزە
دوان: دوان، جفت، جووت (دووھاوسەر)
دوبار: دووبارە
دوپەی: دووپێ
دوروست: دروست، ڕاست
دوریھـ: دووری
دوز، دوژ: دز
دوژوار: دژوار
دوش: دوێشەو، شەوی ڕابردوو.
دوشمن: دوژمن
دوشمێناتی: دوژمناتی
دوکان: دوکان
دول: دۆل(ب)، دۆڵ، دۆر(ھـ).
دوم: دوم(ب)، کلک
دومبەک: دونگ(ھـ)، دووگ
دوھن: دھن(ب)، ڕۆن
دوور: دوور
دووسەت: دووسەت(ھـ)، دوو سەد، دووصەت(ب)
دووش: دژ
دوول، دۆل: دەلو (بورجی دەلو)
دوومب: دووماھی، دویماھی
دویتەن: دواندن

دۆ: دۆ(ب)، دوو
دۆبار: دۆبار(ب)، دووبارە
دۆسالەک: دۆسالە(ب)، دووسالّە
دۆست: دۆست
دۆستیەـ: دۆستی
دۆسیشن: دۆشین
دۆش: دۆش؛ (نێوان دوو شان).
دۆشکار: بەدکار
دۆشگۆ: بەدگۆ
دۆشەخ: دۆزەخ
دۆلەک، دۆرەک: دۆلکە، دەولک
دۆومین: دووەمین
دیاکۆ: دیاکۆ (ناوی بنیاتنەری ئیمپراتۆری ماد)
دیپ، دیب: دەق
دیتار: دیدار
دیتەن: دیتن
دیجرە: دیجلە
دیجلەت: دیجلە(ڕووباری دیجلە).
دیدەن: دیدەن
دیرەنگ: درەنگ
دیرەنگ، دێرەنگ: دێر(سنەیی)، درەنگ
دیل: دل (ب)، دلّ، در(هـ)
دیلێر: دلێر
دێن سەرداریەـ: دینسالاری
دین سەرداریەـ: دینسالاری، دین سەرداری

دین: دین، ئایین
دینا: تاقیکردنەوە، دیناکردن
دینار: دینار
دینداران: دینداران
دیوار: دیوار
دێوان: دیوان
دیوانک: دێوانە
دێودروج: دێوودرنج
دەدو: دوازدە، (جاران لەهەولێر دەگوترا دەدوو). لە زمانی تاتی هەر بە 'دەدو' ماوەتەوە.
دەر، دەرگەھ، دەرگاھ، دەرگاس: دەر(ب)، دەرکە، دەرگە
دەراھم، دەراخم: درهەم (ناوی دراوی مسی سەردەمی ئەشکانی بووە)
دەربەند: دەربەند
دەرپان: دەروان، دەرگەوان
دەرت، دەرد: دەرد
دەرز: دەرز(ھ)، درز
دەرزیک: دەرزی
دەرمان: دەرمان
دەریاپ، دەریاھ: دەریا
دەریە: دەریا
دەس(ئەشکانی): دەس(زا). دە
دەست: دەست، دەس(ھۆ)
دەستاریھ: دەستیاری
دەستکاریھ: دەستکاری

دەستکرد، دەستکرت: دەستکرد
دەستگراو: دەستگیرکراو
دەستگیر: دەستگیر
دەستوور، دەستۆر: دەستوور
دەستوەریھ: دەستوبرد، دەستوەر(ھ)
دەستیار: دەستیار
دەستەک: دەستەجل.
دەشت: دەشت
دەشتان: دەشتان، سووڕی مانگانەی ژن
دەشتانیک: ژنێک کە لە سووڕی مانگەی دابێ.
دەفتەر: دەفتەر
دەم: دەم(ھ، ب)، کات.
دەمان: دەم، کات، وەخت
دەھ: دەھ(ب)، دە
دەوال: دەوال
دەورەک: دەوری(قاپ).
دەولک: دەولک(ھ)، دۆلچە، سەتڵی بچووک
دەوورەک: دەوری،(قاپ).

پیتی ڕ

ڕات: ڕاد (بەخشندە)
ڕاز: ڕاز
ڕازیک: ڕازامێز(شتێک کە شاراوەبێ و نەزاندرابێ).
ڕاس، ڕاھ. ڕاستەک، سراتەک: ڕاستەڕێ

.....

ڕاست: ڕاست
ڕاستگۆفتار: ڕاستگۆ
ڕاستگۆویشن: ڕاستگۆ
ڕاستنێماییە: ڕێنمایی، ڕێنوێنی
ڕاستین: ڕاستین
ڕاستیە: ڕاستی
ڕاستەک: ڕاستە ڕێ
ڕاسووک: ڕاسوو، ڕاسۆ(جۆرە گیانەوەرێکی گۆشتخۆرە و لەتیرەی سمۆرەیە).
ڕاشت: ڕاشت(زا)(وشەکە پەهلەوی ئەشکانییە)، ڕاست.
ڕاغ، ڕای: ڕا(ڕەئی عەرەبی لەمە وەرگیراوە).
ڕاف: ڕەف، ڕەفتە (شوێنی بەرز، جاران لە دیوار دروست دەکر)
ڕام: ڕام، کەوی، مالّی
ڕامیار: ڕامیار (ناوی کەسێک بووە)
ڕان: ڕان
ڕانوەریتن: ڕانک
ڕستن: ڕستن
ڕوبەک: ڕابون(ب)
ڕوتەک: ڕووت
ڕوچەک: ڕۆژنە
ڕوست: ڕوشت، گەشەکردن
ڕوستەن: ڕستن
ڕوسڤاک، ڕوسواک: ڕسوا(هـ)، ڕیسوا.
ڕوسڤاکیە: ڕسوایی، ڕیسوایی.

.....

ڕووان: ڕەوان
ڕووتەک: ڕووتە، ڕووت (بێبەرگ).
ڕوون: ڕوون (هـ)، ڕۆن، دهن(ب)
ڕووەن: ڕوون، ڕۆناک
ڕۆتان: ڕۆتاندن(ب)، ڕووتاندنەوە
ڕۆچ شەپان: شەوانەڕۆژی
ڕۆچ: ڕۆژ (لە ڕۆژئاوای کوردستان هەر ڕۆچ گۆدەکرێ).
ڕۆچان: ڕۆژان
ڕۆچکار: ڕۆژگار
ڕۆچیک: فراڤین(نانی نیوەڕۆ)
ڕۆچەنەک: ڕۆژنە، ڕۆژەنە، کلاوڕۆژنە
ڕۆزیک: ڕۆژانە، خواردنی ڕۆژانە
ڕۆژ: ڕۆژ (لە پەهەلەوی ئەشکانی هاتووە و وەک خۆی ماوەتەوە).
ڕۆشن: ڕۆشن، لە سانسکریتی 'ڕۆ' گوتراوە.
ڕۆشناک: ڕۆناک
ڕۆشناکیە، ڕۆشنیە، ڕۆشنیک: ڕۆشنایی
ڕۆغنی زەیتان: ڕۆنی زەیتوون
ڕۆواک، ڕۆواگ: ڕەواج
ڕۆوتان: ڕۆیشتن
ڕۆون، ڕۆڤن: ڕۆن
ڕۆی: ڕوو
ڕێپاس: ڕێواس
ڕێتن: ڕی (پیسایی کردن). {لە هەولێر دەگوترێ: لۆ ئەوەی ناوی بکەوتە ناو ناوان، دەچی لەسەر کانی دەڕی}.

ڕێچیتن: ڕێژتن(هـ)، ڕێشتن{ ڕژاندن، دەڕژێنێ}
ڕێداغ: ڕێگر
ڕیش، ڕیشان، ڕێش: ڕیش، ڕدێن. لە سانسکریتی هەر 'ڕیش' بووە.
ڕیشە: ڕیشە، ڕەگ.
ڕێغ، ڕای: ڕێ(هـ)، ڕێک(ب)، ڕێگە، ڕێگا.
ڕێڤاس: ڕێواس
ڕێواس: ڕێواس
ڕەز: ڕەز
ڕەستگار: ڕەستگار
ڕەستەک: ڕستە (ئەو تەلەی کە جلوبەرگی لەسەر هەڵدەخرێ)
ڕەسیت: ڕسیو، پێگەیشتوو.
ڕەسەن: ڕەسەن
ڕەفتار: ڕەفتار
ڕەگ: ڕەگ، ڕیشە
ڕەنج: ڕەنج
ڕەنجوەر، ڕەنجوبەر: ڕەنجوەر، ڕەنجبەر
ڕەنجێنتان: ڕەنجاندن
ڕەنگ: ڕەنگ
ڕەواک: ڕەوا
ڕەواگ: ڕەواج

پیتی ز

زات: زات دەگوترێ: (فلاّنە کەس زاتی پیسە).
زاتەک، زاتە: زادە
زاری: زاری، گریەو زاری
زاریک: زاریو { کەسێک کە گریە و زاری کردبێ}
زاغ: زاغ
زاک: زاک(هـ)، زاو[ئاژەلێک کە تازە زابێ]
زانووک: زانو
زانۆک: زانۆ
زایشن: زان، منداڵ بە دونیا هێنان
زاییدە: زیاد
زرێ: زێ (زرێبار).
زمستان: زمسان(هۆ)، زمستان(زا)، زستان، جستان(هـ)
زوان، زوفان، ئوزڤان: زوان(کە)، زمان
زومبورت: زمڕوت، زمڕود
زووان درانە: زوان دڕێژ.
زووان: زوان(لک)، زمان
زۆر: زۆر
زۆرتر: زۆرتر
زیان: زیان
زیانکار: زیانکار
زیانئۆمەند: زیانمەند
زیرا: زەریا
زیرەک: زیرەک

.....

زین: زین
زیندان: زیندان
زیندانیک: زیندانی
زەڕ: زەڕن(زا)، زێڕ
زەرت موی: موزەرد {کەسێک کە مووی زەرد بێ}.
زەرت: زەرد، زەر(ب)
زەرتالووک: زەردالو، زەردەلوو
زەردەک: زەردێنە (زەردێنەی هێلکە)
زەڕگەر: زێڕینگر، زێڕگر
زەریای، زریای: دەریا، زەریا
زەڕین: زێڕین
زەلووک: زەروو، زێروو.
زەم: زەم (تیری زمان، کاتێک بە خراپە باسی کەسێک دەکرێ)
زەمان، زەمون، ژەمان، جەمان، دەمان: زەمان، دەم، دەوران.
زەمانە، زەمانەک: زەمانە
زەمیک: زەمین
زەمیکین: زەمینی
زەندیک، زەندەق: زەندیق (شرۆڤەکاری ئاڤێستا).
زەهاپ: زاب، زێ
زەهاگ: زگ(هـ+ب)، سگ
زەهر: زەهر(هـ+ ب)، ژەهر
زەهرەک: زراو
زەیت: زەیتوون

پیتی ژ

ژن، ژەن، جن: ژن، جەنی(زا)
ژووزک: ژووشک، ژووژی، ژووژوو.
ژیر: ژیر (وشەکە لە پەهلەوی ئەشکان هاتووە وەک خۆی ماوەتەوە).

پیتی س

ساچیشن: سازش
ساچیشنیک: سازشی
ساختاری: سازگاری
ساسان: ساسان (ناوی یەکێک لە ئاسرەوانی زەردەشتی، ناوی باوکی ئەردەشێری پاپەکان، دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ساسانی)
ساسانان، ساسانیان: ساسانیان، ساسانیەکان
ساستار: ستەمکار
ساق: لاق، ئێستاش دەگوترێ(بە ساقەوبم).
سال: سال(ب)، سالْ، سار(هـ)، سارە(زا).
سال: سالْ.
سالار: سالار
سالمار: سالم گەڕانەوە. گەڕانەوە بەبێ کێشە.
سالوەر: سالانە(ب)، سالانە.
سالەک: سالەک(ب)، سارەک(هـ)، سالْێک.
سام: سام. { کەسێکی زۆر بە سامە}.

سامان: سامان
سامانەک: سامانە
ساهمان: سامان (بەشەکانی سامان)
ساییتەن: سوین (کاری سواندن).
سایەک: سایە، سی، سێبەر
سپارتن: سپاردن
سپاس: سپاس(ڕۆژهەڵات)، سوپاس
سپاسمەند: سپاسمەند
سپاهـ: سپا، سوپا
سپاهان: ئەسفەهان
سپاهسالار: سالاری سوپا
سپاهسەردار: سەرداری سوپا
سپول: سیپەلک
سپێت: سپی
سپێتدار: سپیدار، ئەسپیندار
سپێتەک: سپێدە(ب)، سبەینە(هـ).
ستارەگ: ستێر(ب)، ستار، ئەستێرە.
ستانیتان: ستاندن(لێسەندن)
ستایش: ستایش
سترۆن: سترۆم(هـ)، نەزۆکی، ئەستاغ.
ستون: ستون، ئەستون، ئەستوندەگ
ستۆر: ئەستوور. {ستوور بە واتای 'ئاژەڵی چوار پێ'ش دەکارکراوە}.
ستەم: ستەم
ستەمبەکی: ستەمگەر، ستەمکار

ستەهم: ستەم
ستەهمباک: ستەمکار
ستەهمباکیھ: ستەمکاری
ستەور: ئەستوور، ستوور
سراتەک: سیرات، ڕێی ڕاست
سروت: سرود
سروش: سروش
سروشیار: سروشیار
سرۆت: سەروسەدا (دەنگۆ).
ســـری: ســـڕی، ڕاز، نهێنـــی، داپۆشراو.(شـــتی نەدرکـــاو، ڕازی شاردراوە).
سرەو: سرتە. چرپە (قسەکردن بە دەنگی نزم لەبن گوێ).
سزاک: سزا
سزاکوەر: سزاوەر، شایان.
سزاکیھ: سزایی
سمۆر: سمۆرە، سقۆرە(ب).
سنێح، سناح: سلاح، چەک
سوار، ئەسوار: سوار
سوت، سود: سوود
سوتاپ: سەددی ئاو، بەربەستی ئاو، بەنداو.
سوتێکریھ: سوتەکردن، کلکەسوتێ(ھ)، مادەلاییکردن
سوچن: سوژن
سور: خواردنی بەیانی
سور: سور(کر)، شووڕە.
سوست: سست

سوفتن: سونەتکردن، کونکردن
سوم: سم (سمی کەر و ئاژەڵ)
سومب: سومبە(ئەوە شتە نوک تیژەی کە بۆ کونکردن بەکار دێ).
سومۆمەند: سمدار (ئەو ئاژەڵەی کە سمی هەبێ).
سووریھ: سوور(ھـ)، سوێر(تامی سوێر)
سۆتان: سۆتان(ب)، سووتان
سۆچاک: سۆتای، سووتاو
سۆختان: سۆتان(ب)، سووتان
سۆر: سوور، سۆر(ھـ+ ب)
سۆراغ: سۆراغ
سۆک: سووک
سۆما: سۆما
سێ سەت: سێ سەت(ھـ)، سێ سەد
سێ ئێک: سێ ئێک(ب)، سێیەک [یەک لەسێ]
سێ: سێ
سی: سی(۳۰)
سیاھـ: سیا(زا)، ڕەش
سێپ: سێو، سێف
سێزدە: سێزدە (ھـ+ ب)، سیانزە
سیمۆر: سیمۆرە (وەک سمۆرەیە، تۆزک گەورەترە، بەڵام گۆشتخۆرە).
سین: سین، چین
سیندێھـ: وڵاتی سین
سینیگان: سینی، مرۆڤی سینی

سەخت: سەخت
سەختیەـ: سەختی
سەر: سەرەتا
سەراسەر: سەراسەر(هـ)، سەرتاسەر
سەرام، سەرەم، سەلەم: سەلام، ئاشتی
سەرای: سەرا (خانووی گەورە). سەرای پۆلیس.
سەرت: سارد، سار(ب)
سەرتیەـ: سەرسوڕمان
سەرتەک: سەرتەک(بەش).
سەرتەکان: بەشەکان
سەردار: سەردار
سەرداریەـ: سەرداری
سەرکاو، سەرکاڤ: سرکە
سەرگین: سەرگین(هـ)، تەپاڵە، ڕیخ.
سەرماک: سەرما
سەرنیگون: سەرنگون
سەرینەک: سەرین
سەگ، سەک: سەگ، سە(هـ)، صە(ب)
سەمەن: سەمەن، یاسەمین (ناوی جۆرە گوڵێکە).
سەمەنی زەرت: سەمەنی زەرد
سەمەنی سپێت: سەمەنی سپی
سەنگ: سەنگ، بەرد
سەنگپێل، زەنجەپیل: زەنجەبیل، زەنجەفیل.
سەنگێن: سەنگین، قورس
سەنگیەـ: سەنگینی

سەهم: سەهم(پشک، بەش)
سەهمان: سنوور

پیتی ش

شاپ: شاپ، شلپەی ئاو.
شات: شاد
شاتر: شار
شاتردار: شارەدار
شاتیھ: شادی
شاد: شاد (لە پەهلەوی ئەشکانی هاتووە و وەک خۆی ماوەتەوە).
شازده: شازده(هـ+ب)، شانزه
شاک، شاق: شاخ (قۆچی نێری)
شاگر: شێر
شام: شام { بەناوچەی دیمەشق گوتراوە شام }.
شام: شام، شیو، شیڤ، خواردنی ئێوارە.
شان: شان
شایستەن: شایستە
شاییندەگیھ: شایستەگی
شپان: شوان
شکاستار: شکێنەر
شکاند: شکاو
شکۆد: شکۆ
شکۆفەک: شکۆفە

شکۆهـ: شکۆ
شکەنجە: ئەشکەنجە
شمشار: شمشار(هـ)، شمشاد
شمشێر: شمشێر
شمە: شمە(هۆ، زا)، تۆ
شناساک: شوناسا، ناسراو
شنایتان: ستایشکردن
شنایشن: ستایش
شوپان، شەپان: شوان، شڤان(ب).
شونبەت: شەنبە، شەممە، شەمۆ، شەمو
شۆن: شووون(هـ)، شۆن(ب)، شوێن پێ.
شۆون: شوێن
شۆی، شۆد: شوو
شیاتیم: شیان، شیاو
شیپ: شیو، نشێو
شێر: شێر
شیرۆمەند: شیردار
شیرێن: شیرین
شیرێنیهـ: شیرینی
شیرێنەک: شیرین
شیشەک: شیشە، شووشە
شێوەن: شیوەن (گریان و شیوەن).
شەپ: شەو، شەڤ
شەپەق: شەبەق
شەرپیا، شەپیار: شەربەت

شەرم: شەرم
شەروار: شەروار(هـ)، شەروالْ، شەلْوار
شەست: شەست
شەش: شەش، لەزاراوەی دیکەی ساسانی گوتراوە سیسی.
شەواک: شەوکوێر، شەوکۆر(هـ).

پیتی ع

عەپا: عەبا
عەپەنوس، ئاپنوس: عەبەنوس(هـ)، زۆر ڕەش. ڕەشایی.
عەنبەر: عەنبەر
عیلام: ئیلام

پیتی غ

غورد: خورت(ب)، {لاوی ئازا و بەهێز}
غوش: یاخی، یاغی
غوشا: غوشە، هێشو، وشی (غوشەی تریّ و گەنم)

پیتی ف

فارناس: فرناس(ناوی یازدەهەمین پاشای ئەشکانی)
فرات: فورات، ڕووباری فورات
فراشم: فرێش، تازە

.....

فراماتار: فەرماندار
فرامۆش: فرامۆش، فەرامۆش
فراهاد: فەرهاد (ناوی پێنج پاشای ئەشکانی فراهاد بووە)
فرمان: فرمان، فەرمان
فرمانتار: فەرماندار
فرمۆش: فەرامۆش
فرنج، برنج: برنج
فریات: فریاد
فریشتا: فریشتە
فرێھ: فرە، زۆر
فرێو: فریو
فرێئاپ: فرەئاو
فرەمان، فرمان، فەرمان: فەرمان
فرەمایش: فەرمایش
فرەھەنگ: فەرھەنگ
فوندیق، فوندیگ، فوندیغ: فندق
فێنۆک: نۆک
فەراحڤی، فەراخڤیھ: فەراحی(ھـ)، خۆشی
فەڕاخ، فەڕاح: فەڕاح(ھـ)، (ژیانی ئاسایش و شادی)
فەرمۆتەن: فەرموودە
فەرھەنگیک: بەفەرھەنگگراو، پەروەردەکراو.

پیتی ڤ

ڤات، ڤای: وای(هۆ)، با، هەوا
ڤاران: ڤاران(زا)،واران(هۆ)، باران
ڤازاڕ، ڤاچار: بازاڕ
ڤازارکان، ڤاچارکان: بازرگان
ڤانگ، وانگ: بانگ
ڤانی: فانی
ڤچارەک، ڤازارەکان: بازرگان
ڤرنج: برنج
ڤیاپان: بیابان
ڤیچەک: پیچەک(ب)، قیچەک(هـ)، تۆزێک، بەشێک
ڤیر: بیر، هزر
ڤیراز: بەراز
ڤێهدین: بەهدین، دینچاک.
ڤێهدینان: بەهدینان، دینچاکان {ڤێهـ(چاک) پێچەوانەی خراپە}.
ڤیشات: گوشاد
ڤەتبەخت: بەدبەخت
ڤەس: بەس.
ڤەنگ: ڤەنگ(زا)، دەنگ

پیتی ق

قاپا: قاپوت(هـ)، کەپەنەک
قوبراک: قوبراق(که)، قۆز و چالاک.
قوش: یاخی، یاغی

پیتی ک

کادیک: قازی
کار: کار
کارت: کارد(م)، کێرد(هـ)، کێرک(ب)، چەقۆ
کاروان، کارڤان: کاروان
کارۆمەند: کارمەند
کاریتە: کاریتە
کارێچار، کاریچار: کارزار
کارێزەک: کارێز
کاست: کاست (کەموکاست)
کالووک، کالووگ: کەرپوچ(هـ)، خشتی سوورکراوە.
کام: کام
کامچە: کناچی، کچ، کیژ
کامکار: کامکار
کامکاری: کامکاری
کامکرتار: کامکردار
کامەک: کام
کان: کانزا

کاناکی: کەناڵ، قەنات
کاووس: کاوێس
کرتار: کردار
کرتاریە: کرداری
کرتگار: کردگار
کرتن: کردن
کـــرد: کـــرد (لە پەهـــلەوی ئەشـــکانی هـــاتووە و وەک خـــۆی ماوەتەوە).
کردن: کردن
کرم: کرم
کرمی ئەپریشەم: کرمی ئاوریشم
کرمەک: کرم، کورم
کڕیتەن: کڕاندن
کشت: کشت (کشتوکاڵ)
کو: کو(ب)، کە
کوت: کوت (وردەی دانەوێڵە، کوتە نۆک و ....)
کوشتار: کوشتار
کوشتن: کوشتن
کوفەک: گوفەک(هـ)، گۆفک(ب)، زبڵخانە، شوێنی پیسایی.
کولاف: کولاف(ب)، کولاڤ، کڵاو
کۆپ: کۆهـ(کە)، کێو، چیا، کوێستان
کۆتر: کۆتر
کۆر: کۆر(ب)، کۆرە(هـ)، کوێر
کۆشک، کوشک: کۆشک، کۆچک (ب)
کۆشیتەن: کۆشین، کۆششکردن

کۆشیشن: کۆشش
کۆف: کێو
کۆفتەک: کوفته
کۆی: کۆڵان، کۆران(هـ)
کێ: کێ
کیر: کیر، کێر (ئەندامی نێرینه).
کێرت: کێرد(هـ)، کێرک(ب)، چەقۆی گەورە.
کێسەر، قێسەر، کەیسەر: قەیسەر
کیش، کیت: خەت
کیلیل: کلیل
کێم: کێم(ب)، کەم
کین: کینه، قین
کێنوەر: کینەوەر، داخ لەدڵ.
کەبا، کەپاهـ: عەبا
کەتار: کەتار
کەڕ: کەڕ
کەرت، کەرەت: کەڕەت
کەرتار: کرێکار
کەرتکار: کرێکار، کارگەر
کەس: کەس
کەسپ: کەسپ [داهات، دەگوترێ کەسپ و کار]
کەفتن، کەپتن: کەوتن
کەفجەک، کەفچەک: کەفچک(ب)، کەوچک
کەلات: قەلات، قەرات، کەلهـ
کەم: کەم

کەمان: کەمان
کەماندار: کەماندار
کەمتر: کەمتر
کەمزۆر: کەمزۆر
کەمیست: لانیکەم، کەمترین
کەمیستی: کەمەنەتەوە
کەمیھ: کەمی
کەمەر: کەمەر
کەنارەک: کەنار، کەناری دەریا
کەنداپ: کەنداو، کەنداڤ
کەندەک: خەندەق
کەنیچەک، کەنیژەک: کەنیشک(هۆ)، کناچە(هۆ)، کچ، کیژ(هـ)
کەهروپاک: کەهرەبا، کارەبا (ئەوەی شت کێش دەکا).
کەهون، کۆهۆن: کۆن، کۆنە، کەون
کەیوان: کەیوان (ئەستێرەی کەیوان).

پیتی گ

گاسانبار: گوناهبار
گاڤ، گاو: گا
گال: گولی (جۆرە نەخۆشییەکە)
گاومێش: گامێش
گر: گر(ب)، گرد
گران: گران
گرفتار: گرفتار

گریان: گریان
گریانتن: گریاندن
گریڤاک: گراڤ(ب)
گل: گل
گلێن: گلی، خاکی
گوپتار: گوتار
گوپتن: گوتن
گورد: گورد (مرۆڤی ئازا)
گورز: گورز (گوریس، پەت و پەڕۆی بادراو بۆ لێدان).
گورگ: گورگ
گول: گول(ب)، گولّ(س)، گور(هـ)
گولەستەک: دەستەگولّ، دەسکەگور(هـ)، چەپکەگولّ.
گولزار: گولزار، گولّزار
گومان: گومان
گومبەت: گومبەت(هـ)، گونبەد
گوناهک: گوناهـ(ب)، گوناح
گوند: گون
گووەرت: گواوی، لە گووەردراو
گۆپتن، گوفتن: گۆتن(هـ)، گوتن، کوتن، وتن
گۆڕ: گۆڕ
گۆز، گوچ، گووژ: گوێز(س)، گیز(هـ+ ب)
گۆزی هندۆک: گوێزی هندی
گۆش: گۆش(زا)، گوێ، گۆهـ(ب).
گۆشت: گۆشت
گۆشتێن: گۆشتن

.....

گۆشەک: گۆشە
گۆگیرد: گۆگرد
گۆمیز: گامیز، میزی گا
گۆناک: گۆنا
گۆهەر، گۆهر: گەوهەر
گۆواک: گەواهی
گۆورو، گۆورە: گەورە، گۆرا (لک)
گۆی: گۆ، تۆپ
گیان: گیان
گیانەوەر: گیانەوەر
گیتی: گیتی
گیل: گل
گیهان، جیهان: جیهان، جەهان
گێلەک: گلەیی
گەتوەر: کەتوەر، کەتە، بەقەڵافەت
گەچ: گەچ
گەچکرت: گەچکار
گەچێن: گەچین، گەچی
گەر: کەچەر(هـ)، کەچەڵ
گەرت: گەرد، غوبار
گەرتەن: گەردەن
گەرتەنەک: گەردەنە
گەردانیتان: گەڕاندن
گەردتەنبەند: گەردەنبەند
گەردەن: گەردەن(هـ)، مل

گەرزیشن: گازاندە
گەرم: گەرم
گەرماپەک: گەرماو
گەرمۆک: گەرم و گوڕ
گەرمیە؛ گەرمی
گەرمەسێر: گەرمەسێر
گەز: گەز(داری گەز).
گەشت: گەشت
گەنج: گەنج (سەرمایە، سامان).
گەنج: گەنج، لاو.
گەنجوەر: گەنجوەر، گەنجینەدار
گەنجوەریە: گەنجینەداری
گەند: گەنی، گەنیو
گەندوم: گەنم
گەندەک: گەندە(هـ)، بۆگەنیو
گەندەکی: گەندەیی، گەنیوی
گەننەک: گەنە، گەنیو
گەور: گەوڕ
گەوور: ورگ

پیتی ل

لاوەک: لاوک
لۆزینەک: لەوزینە (جۆرێک شیرینییە)
لەرزیتان: لەرزین

لەشکر: لەشکر
لەف: لێو، لێڤ
لەگین: لەگینە(هـ)، لەوانەیە

پیتی م

ماتیان: ماین
ماچە: ماچە(هـ) [هێستری ماچە].
مادکۆک، مادکۆگ: ماکۆ(شاری ماکۆ).
مار: مار
مارغان: مارکوژ
ماست: ماست
ماسیا: ماسی
ماش: ماش
مالیشن: ماله(هـ)، سافکردن
ماندا: مانا
مانووە: مانووە(هۆ)، مانەوە
ماونگە: مانگ
مرۆت: مرۆ(هـ)، مرۆڤ (ب)
مزد، میزد: مزە (هەقدەست)
مـــزدوەر: مزەگـــر، مزەوەرگـــر (کەســـێک کە کرێـــی کـــارەکەی وەردەگرێ).
مزک، مژۆگ: مژۆگ، مژۆڵ، برژانگ، بژانگ(هـ)
مست: مست
منا، مەنا: منە (هی منە)

مورد: مرد، مر(ب).
موست: مست، بەواتای هێز هاتووە. (مست لە دڕێشە دەگەڕێتەوە)
موی: موو
مۆزد: مزە
مۆی: موو
می: مەی(هۆ)،
میتراهی: میترایی
میچاک: میزاج
مێچەک: مەزە
مێرەک: مێرد، مێر، مێرک(ب)
میزاک: میزاج
میزیتەن: میزتن، میزکردن
میزیشن: میزی(زا)، میز
مێش: مێشە(زا)، میھ(ب)، مەڕ
میوەک، میڤەک، میوە
مەخشی: مەشی(هۆ)، مێش
مەرت: مەرد، مرۆڤ
مەرتدۆستیھ: مرۆڤدۆستی
مەرد: مەرد
مەرگ: مەرگ
مەزگ: مەزگ(زا)، مێشک
مەزەن: مەزن
مەژگ: مەژی(ب)، مێشک
مەستر: مەزنتر

مەشیا، مەشا: مەشیا و مەشا(هۆ)، مرۆڤ
مەکەس هەنگپین: مێش هەنگوین، مێشا هەنگڤینی.
مەنگ: مەنگ
مەی، مەغ: مەی

پیتی ن

نازک: نازک، ناسک
نازوک: نازوک، نازک(ب)، هەستیار.
نالین: نال(ب)، نالّ(س)، نار(هـ)
نامەک: نامە
نان: نان، خۆراکی ڕۆژانە
نزم، نەزم: نزم
نمـــود: نمـــود (ئەگەر ســـیمای کەســـێک ســـەرنجی دیتـــران ڕانەکێشێ، دەگوترێ بێ نمود)
نمێچ: نمێژ(ب)، نوێژ
نـــوون: هەنـــووکە، نـــووکە، نهـــا، ئێســـتا. لە سانســـکریتی 'نـــوو' بووە.
نووەهار: نوبەهار(هـ)، نۆبەهار
نۆک: نوێ، نو، نۆ(نۆبووک).
نێ: نا، نەخێر. لە سانسکریتی هەر گوتراوە 'نا'
نیاز: نیاز
نیاز: نیاز (پێویست بوون). {نیازم بەتۆ نییە}.
نییستار: نووسەر، نڤیسەر
نیزۆر: نەزۆر

نێـــزە: نێـــزە [شـــتی نـــووک تیـــژ و هەنـــدێک جـــاربە تفەنـــگەوە دەبەستڕێ]
نیشـــــــێمەک: نشینگە(شـــــــوێنێک کە بەردەوام مرۆڤێکـــــــی دیـــاریکراوی لێـــدەبینرێ، یـــان شـــوێنی بەردەوامـــی دانیشـــتنی کەسێک).
نیمایشن: نمایش
نەپە: نەوە
نەتوپدی: نەتوپدی
نەخچێر، نەهچێر: نێچیر
نەرم: نەرم
نەفرین: نەفرین
نەکیرای: نکۆڵیکار، نکۆڵیکەر
نەکیراییەـ: نکۆڵی لێکردن
نەم: نم (شێدار).
نەهـ: نەهـ(ب)، نۆ

پیتی ھ

هـــالوک، حـــالوک: هەلـــوچە، هەڵـــوژە، حەلوک(هـــ)، حولـــوک و حلوک(ب).
هامین: هامن(هۆ، زا)، هاوین، هاڤین(ب)
هاوانە: هاون(هـ)، ئاون
هاویر، هەویر: هەویر
هرێ(ئەشکانی): هرێ (زا)، سێ
هنار: هنار(ب)، هەنار

هنار، ئەنار: هنار(ب)، هەنار
هوزوان: خۆشزوان، زمانخۆش
هوشک: وشک
هونەر، هونەرە: هونەر
هۆچ: هێز
هۆش : هۆش
هۆشیار: هۆشیار
هۆشەک: هێشوو، وشی.
هێچ: هیچ
هێچی: هیچی، پووچی
هێستک: ئێسک، هێسک(هـ).
هەر: هەر
هەربورز: ئەلبورز، هەربەرز
هەرچەند: هەرچەند
هەرزان، ئەرزان: هەرزان
هەرزانیهـ: هەرزانی
هەرگیز: هەرگیز
هەرۆم، هۆرۆم: حەرام
هەزار: هەزار، هزار
هەژدە: هەژدە
هەستر: هێستر
هەستەک: هەستی(ب)، ئێسک
هەشت: هەشت
هەفت: هەفت(کرمانجی)، حەفت(هـ+ب)، حەوت(سلێمانی)
هەگەر: هەگەر، ئەگەر

.....

هەلۆهـ: هەڵۆ
هەمار: ژمارە
هەمبار، عەمبار: ئەنبار، عەمبار
هەمباز: هەمبێز، هامێز، ئامێز
هەمتن، هەمتوان: هاتن، هاتوون
هەمیشەک: هەمیشە
هەمیمال: هاوماڵ { ژیان لەیەک ماڵدا }.
هەمەهیهـ: هەمیشەیی
هەنبار: ئەنبار، هەنبار، عەمبار
هەنبارکردتن: ئەنبارکردن، عەمبارکردن، داکردن.
هەنبان: هەنبانە، هەمبانە
هەنجام: ئەنجام، هەنجام
هەنجەمەن: ئەنجوومەن
هەند: هەند، چەند
هەندام: ئەندام
هەندێشیتار: ئەندێشیار، ئەندێشمەند
هەندێشە: ئەندێشە
هەندەک، ئەندەک: هەندەک (هـ+ ب)، هەندێک
هەنگ: هەنگ(هۆ+س)، مێشهەنگین(هـ)
هەنگێن: هەنگڤین، هەنگوین
هەنگوبین، هەنگەپین: هەنگوین، هەنگڤین
هەویر: هەوی (شتێک لە خوارەوە یان لە ژێرەوە بێ)

پیتی و

و: و (ئامرازی پەیوەندی). نموونە: [من و تۆ]
واد، بات: با
واران: واران(هۆ)، باران، ڤاران(زا).
وازاڕ: بازاڕ
وانگ: بانگ
واوەر، ڤاڤەر: باوەڕ
وای: وا، با
ورگ: گورگ، گور(کر).
وەتبەخت، ڤەتبەخت: بەدبەخت
وەتدیل، ڤەتدل: بەددل، بەددڵ
وەتگۆھـ، ڤەتگۆھـ، دۆشگۆھـ: بەدگۆ
وەدین: بەدین
وەران: بەران (شەهوەت)
وەرانی: بەرانی(ئەوەی بەدوای ڕابواردن بێ).
وەرد: وێرد، دووپات بوونەوە.
وەرز: وەرز
وەرس: وەریس(ب)، گوریس
وەرفا: وەرە
وەفر، سنەهر، سنێهر، سنەزەک: وەفر(هۆ)، بەفر، بەرف(کر).
وەفرێن: بەفرین
وەنەپشەگ، وەنەفشەگ: وەنەوشە
وەهار: وەهار(هۆ)، بەهار، بوار(هـ)

مەستوری ئەردەڵان دەڵێ:

خەسرەوم وەهار
یا شا نەیەوە ئیمساڵ نەو وەهار

وەهان: بەهۆی
وەهرام: وەهرام(هۆ)، بارام، بەهرام
وەهیشت، ڤەهیشت: بەهەشت
ویشکار: وشکایی(بیابان)
وێوەک: بێوە (ژنی بێمێرد، پیاوی بێژن)

پیتی ی

یاوەر: یاوەر
یەزدان: یەزدان
یەزەتیھ، یەزەتیک: یەزیدی
یەزگـورت، یەزگـورد: یەزگـورد (سـێ پاشـای ساسـانی ناویـان یەزگورد بووە)
یەسین: مەزن، یەزن

.....

ژمارەکان

١- ئێک
٢- دۆ
٣- سێ
٤- چهار(چار)
٥- پێنج
٦- شەش
٧- هەفت
٨- هەشت
٩- نەهـ، نۆهـ
١٠- دەهـ
١١- یازده
١٢- دوازده
١٣- سێزده
١٤- چهارده
١٥- پازده
١٦- شازده
١٧- هەفده
١٨- هەژده
١٩- نۆزده
٢٠- ویست
٢١- ویست ئود ئێک
٢٢- ویست ئود دۆ
٣٠- سی

.....

٤٠- چهل
٥٠- پەنجاھ (پێنجیھ)
٦٠- شەست
٧٠- هەفتاد
٨٠- هەشتاد
٩٠- نۆد (نەوەد).
١٠٠- سەت (ئێسەت، ئێک سەت)
٢٠٠- دۆسەت
١٠٠٠- هەزار (ئێک هەزار)
٢٠٠٠- دۆ هەزار

.....

ڕۆژەکانی هەفتە

لە پەهلەوی ساسانیدا ڕۆژەکانی هەفتە بەم شێوەیە تۆمار کراون:

هەفتەگ: هەفتە، حەفتە.

شەمبەت: شەمبە(م)، شەمبی(ب)، شەمو(هـ)، شەممە.

ئێوشەمبەت: ئێکشەمی(ب)، یکشەم(هـ)، یەکشەمبە(م)، یەکشەممە.

دۆشەمبەت: دۆشەمبی(ب)، دووشەمبە(م)، دووشەم(هـ)، دووشەممە.

سێشەمبەت: سێشەمبە(م)، سێشەمبی(ب)، سێشەممە

چهارشەمبەت: چوار شەمبە(م)، چارشەمبی(ب)، چارشەم(هـ)، چوار شەممە.

پێنجشەمبەت: پێنج شەمبە(م)، پێنجشەمبی(ب)، پێنجشەم(هـ)، پێنجشەممە.

ئادێناگ : ئینی(ب)، هەینی

سەرچاوەکان:

- جمشید سروش سروشیان، فرهنگ بهدینان، تهران ١٩٥٦ میلادی.
- حسن رضائی باغ بیدی، دستور زبان پارتی(پهلوی اشکانی)، تهران ١٣٨١ خورشیدی.
- حمزة بن الحسن الأصفهاني، التنبيه على حدوث التصحيف، الناشر: دار صادر - بيروت 1992.
- دکتر بهرام فرەوشی، فرهنگ فارسی به پهلوی، چاپ سوم، تهران ١٣٨١خورشیدی.
- دکتر یدالله منصوری، فرهنگ ریشەشناختی افعال فارسی میانه (زبان پهلوی)، تهران، آوای خاور ١٣٩٤ خورشیدی.
- رضا آقازاده، بررسی دستگاه آوایی زبان پارسی میانه، انتشارات ملرد کرج، چاپ اول ١٣٩٨ خورشیدی.
- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، انتشارات معین، تهران ١٣٨٢ خورشیدی.
- سازمان فروهر، الفبای اوستا یا دین دبیره، چاپخانه راستی، آبان ماه ١٣٤٥، تهران.
- سعید عریان، واژەنامه پهلوی-پازند(فرهنگ پهلوی)، چاپ اول، تهران ١٣٧٧ خورشیدی.
- صادق هدایت، رەآورد هند، نوبت چاپ اول، تهران ١٣٩٦ خورشیدی.
- عبدالرحیم همایونفرخ، دستور جامع زبان فارسی، چاپ سوم، تیر١٣٦٤.

- عبدالعلی کارنگ، تاتی و هرزنی دو لهجه از زبان باستان آذربایجان، چاپخانه شفق، تیرماه ۱۳۳۳ خورشیدی.
- فرهاد نیلوفری، آموزش خط پهلوی(فارسی ساسانی)، ۱۳۸۹ خورشیدی.
- فرهنگستان زبان پارسی، واژەنامه کوچک فارسی میانه، تهران ۱۳۹۱ خورشیدی.
- فریدون جنیدی، گفتار درباره بلوچ و بلوچستان. بنیاد نیشابور.
- فریدون جنیدی، نامه پهلوانی، چاپ نخست ۱۳٦٥، تهران.
- ماهیار نوابی، اندرز اذربد مارسپندان، متن پهلوی با ترجمه فارسی، از نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال یازدهم، شماره ٥۲، زمستان ۱۳۳۸ خورشیدی.
- محسن نظری فارسانی، هفت متن کوتاه پهلوی، تهران ۱۳۹۷ خورشیدی.
- محمد جواد مشکور، کارنامه رادشیر بابکان، تهران ۱۹٥۰ میلادی.
- مسعود پیشرویان، آموزش خط پهلوی، چاپ اول، تهران ۱۳۹۷ خورشیدی.
- مسعود محمد، لسان الکرد، مطبعة الحوادث، بغداد 1987.
- مکنزی، فرهنگ کوچک زبان پهلوی، ترجمه: مهشید میرفخرایی، تهران ۱۳۷۳ خورشیدی.
- مهردار بهار، واژەنامه بندهش، سال چاپ ۱۳٤٥ خورشیدی، تهران.

- مؤلفـان: کتـایون مزداپـور و فـرزانه وزوایـی و نسـیم حسـنی مهمـوئی، پهلـوی آسـان، چـاپ اول ۱۳۹٦ خورشـیدی، انتشـارات اساطیر، تهران.
- هنریـک سـاموئیل نیبـرگ، دسـتورنامه پهلـوی، جلـد اول، چـاپ اول ۱۳۸۱، چاپ دیبا، تهران.
- هنریـک سـاموئیل نیبـرگ، دسـتورنامه پهلـوی، جلـد دوم، چـاپ اول ۱۳۸۱، چاپ دیبا، تهران.
- یـدالله منصـوری، فرهنـگ حقـوقی زبـان پهلـوی، تهـران ۱۳۹۵ خورشیدی.

- Henrik Samuel Nyberg, A manual of pahlavi, printed in Germany 1974.
- http://daneshnameh.roshd.ir/
- https://vista.ir/m/c/4h919
- http://www.bonyad-neyshaboor.ir

سەبارەت بە وێنەکان

ئەو دوو وێـــــنەیەی کە بـــــۆ بەرگـــــی ئەم بەرهەمە هەڵبژێـردراون، لە ئینتەرنێـتەوە وەرگیـراون و بـۆ سـەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

.....

بەرهەمە چاپکراوەکانم:

ناوی بەرهەم	جۆری بەرهەم	ساڵی چاپ
پەیامی دەشتێو	هۆنراوە	1980
گەڵاڕیزان لە کۆچێکی خەماویدا	هۆنراوە	1987
دوازدە مۆری ملوانکەیەک	هۆنراوە	1988
جەرگەبەز لە دوای مەرگی دێوەرەیەک	هۆنراوە	1989
ڕۆژێکی هاوین	چیرۆک	1989
ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام...	سیاسی	1990
ئەستێرەی دارێژراوە	چیرۆک	1991
بۆ وەنەوشە	هۆنراوە	1993
بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون	سیاسی	1995
خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی ڕزگاری	سیاسی	2003
نۆژەن	ڕۆمان	2005
مەمۆندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیدابوونی	مێژوویی	2012
یەککگرتن و هەڵوەشانەوە	مێژوویی	2016
کۆمێک وشەی کوردی	بەدواداچوون	2019
خواندنا کوردی بۆ ئاستا ئێکێ	فێرکاری	2020
سروپێک پەیقی ڕفێندراو	بەدواداچوون	2020
سیپارۆکەی زمانەوانی	زمانەوانی	2020
پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا	لێکۆڵینەوە	2021

ئەو بەرهەمانەی لە سایٚدی چاپکردندان:

	ناوی بەرهەم	جۆری بەرهەم
١	پەڕینەوە	چیرۆک
٢	خەمەکانی هایم	ڕۆمان
٣	کوردو دراوسێکانی	میٚژوویی
٤	مەموندی و بۆچوونەکانی ســـــەبارەت بە پەیدابوونی - بەرگی دووەم-	میٚژوویی
٥	سایٚدی مانگ	ڕۆمان
٦	بەشێک لە رامانە سیاسیەکانم	سیاسی
٧	معوقات حرية الصحافة فی إقليم كوردستان	لێکۆڵینەوە
٨	هەگبەی خەم	هۆنراوە
٩	سیپارۆکەی بنەچەناسی	لێکۆڵینەوە

Pehlewî le nêwan kurdî u farsîda

Nûsînî:
Rêkar Eh`med

Siwîd Beharî 2021